# گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێك روناکبیر لەگەرمیان دەریدەکەن
ژمارە (١٦) زستانی ٢٠١٠

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)
malatahsen@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر**
خەڵەف غەفور
٠٧٧٠٢٤٧٤٤١٥
Xalafgafur@hotmail.com

**بەڕێوەبەری نووسین**
د. ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢)

**دەستەی نووسەران**
پەخشان محەمەد    سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

گیرفان لەئینتەرنێتدا:
www.dengekan.com

ستافی وەرگێڕان
رەحمان عەلی
عومەر عەبدولکەریم قادر

نوێنەری گۆڤاری "گیرفان" لەئەوروپا:
گەشبیر ئەحمەد

E-mail:
govarigirfan@yahoo.com

ناونیشان:
کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاینی بەرگ:
ئارام لوقمان
چاپخانەی رەهەند

## پێڕست

کۆمەڵگاو دوژمنە خۆشەویستەکانی ٥
ئەوانەی کە نامرن، دکتۆر کاوس قەفتان ١٠
کۆمەڵگای کوردی و پرسی ئازدییەکانی رەگەزەکەی تر ١٦
نوسین و کاریگەری ٢١
سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ٢٤
مۆرفۆسینتاکسی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خانەقی و سلێمانیدا ٣٢
مارکیز و پیشەی نووسین ٣٨
خەمی زمان ٦٤
لاسارییەکانی منداڵیی و کاریگەری لەسەر یاخیبوونە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت" ٦٧
بازنەی باختین .. ئەزموونێك لە گەڕانی دەستەجەمعی ٧٤
پەروەردەی منداڵ ٨٠
چل تا پەنجا ساڵی خەمۆکترین تەمەنی ژیان ٨٨
بنەچەی داوای ڕەگەزی سێکس ٩١
عەشق پیرۆزتر لە گرێبەندەکانی تر ٩٧
ڕاستی لەچەکی ئەتۆم بەهێزترە! ١٠٠
کاتێك ژنان حوکم دەکەن ١٠٤
وەرزە پەیام ١٠٦

# کۆمەڵگاو دوژمنە خۆشەویستەکانی

خالد سلێمان







کۆمەڵگا ماشێنێکی گەورەی بەرهەمهێنانی توتدوتیژییە یان با بڵێین ئێمە هەموومان لە هەناوی ڕەفتاری جۆراوجۆردا، کە زیاتر لە بازنەی پارێزگاریکردن لە خودی تاكو گروپەکاندا ڕەنگدەداتەوە، لە پیاوی بچووکی ناو شەڕی بێ سەربازو بێ دوژمن دەچین.

دوژمنەکان لەناخی خۆماندان، بەشێکن لە بیروبۆچوونو جوڵەو تەراتێنی ناو جەنجاڵبوون بە دونیای ناوەوەمان، بە شێوەیەکی ڕوونتر شۆڕبوونەوە بۆ ناو گۆشە بێئارامەکانی خودی ئینسان لەبەردەم ترسو هێزە تۆقێنەرو غەیبانییەکاندا. هەر لەوێشەوە خەمی چوونە ناوجەرگەی حەشاماتێکی وێناکراو لە دڵنیایی بۆ ڕزگاربوون لەترسی وجودیی دەستپێدەکات.

بەکورتییەکەی، بۆ ئەوەی لە ئارامی خۆمان دڵنیابین، بەدوای







شتی مەزەندەکراودا دەگەڕێینو پەنادەبەینەبەر ئەو گۆشە تاریکانەی لە بەشێکی بچووکی نەستی گشتیماندا توندوتیژی تیایاندا چەکەرە دەکات. لە کاتی "تاکێتی"و تەنیاییدا لە ژیانی هەر تاکێکی ئێمەدا، ترس لە سزا غەیبییەکان یان دەسەڵاتو هێزە باڵادەستەکان لە مومارەسەکردنی توندوتیژی گەورەترەو بۆ دڵنیابوونو ئارامگیری هەنگاو بە هەموو لایەکدا دەهاوێژێت، بەڵام لە دەرەوەداو لەناو حەشاماتو کۆبوونەوەو شوێنە گشتیو تەنراو بەخەڵکی زۆرو هوتافکێشدا، ترس نامێنێتو ڕەفتاری توندوتیژ بە جەستەو جوڵەو دەنگو مەودای زۆر چواردەور دەدرێتو ئیتر "کائیناتی" گۆشەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەردەکەونو لە شێوەی خۆشەویسترین دوژمنی کۆمەڵدا دەکەونە نمایشکردنێکی بێئەندازە لە گۆشکردنی ئینسان بە توندوتیژی.

دوژمنە خۆشەویستەکانی کۆمەڵ لە زۆر باردا دەردەکەون، بەشێکیان سەرچاوەیان لە سزای ئاییندایەو بە شێوەیەك مرۆڤ تووشی ترس یان لەزەتی بێسنووری دوای مردن دەکەن، کە توندوتیژی ژیانی ڕۆژانە تیایاندا دەبێتە شێوەیەك لە شێوەکانی "ڕۆتین". دەسەڵاتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانیش لەناو ئەو ڕۆتینەدا، کە سزاو لەزەتی ئەو دونیا دروستی دەکەن، ئەو بۆشاییو پانتاییانە فراوان دەکەن وا ناحەزە ڕووخۆشەکانی مرۆڤ





خۆیانی تیادا حەشار دەدەن.

لە هەموو کاتێکدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە سروشتی مرۆڤ شەڕانگێزەو مەیلی بەلای توندوتیژیدا زیاترە وەك مەیلی لێبووردەیی، بەڵام لەپاڵ ئەو هەموو ئامرازانەی توندوتیژی، کە دامودەزگاکانی دەوڵەتو سیستەمە سیاسیو ئابوورییەکان بەرهەمیدەهێننو پۆلیسو سزادانو چاودێریکردنو بەندیخانەو شوێنەکانی دەستبەسەراگرتن نمایشی ڕاستەقینەی دەکەن، دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەو بەشە گۆشەگیرەی ناوەوەی مرۆڤ بکەم، کە لەناو حەشاماتو کۆڕو کۆبوونەوەو شوێنە گشتییەکاندا وەك هیزێکی وێرانکاری دەردەکەوێت.

لە کۆمەڵگا پیشەسازیو پۆست-مۆدێرنەکاندا دوژمنە خۆشەیستەکانی کۆمەڵ لە شێوەی تایبەت بە خۆیان دەردەکەونو زیاتر مۆرکی نمایشکارانەیان هەیە، نموونەش جمهوری تۆپی پێی ئینگلیزییە یان توندوتیژییەکانی یارییەکانی "هۆکی"و فووتبۆڵی ئەمریکی لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو کەنەدا. ئەمەش باشترین ساحەی توندوتیژییەو ساحەکانی تری وەك سیاسەتو بوارەکانی دەسەڵات کۆنترۆڵکراونو جێگای توندوتیژی زۆریان تیادا نەماوە.

لە کۆمەڵگای ئێمەو هاوشێوەکانیدا هێشتا مەیدانەکانی سیاسەتو

دەسەڵاتو تەنانەت خێزانو بوارە کۆمەڵاتییەکان مەودایەکی باش بۆ توندوتیژی دەڕەخسێننو زۆرجار خولیای مومارەسەکردنی کاری دڵڕەقانە تەنانەت ئەگەر بۆ دەرخستنی خودی ئینسانەکانیش بێتو مەرامی دیاریکراوی بەدواوە نەبێت، وەك پارچە خەڵوزێك زوو گڕ دەگرێتو دەبێتە مایەی کاری توندوتیژی گەورە.

ئەگەر کۆمەڵێك خۆپیشاندەر دائیرەیەکی حکومەت بسووتێننو دەستدرێژی بکەنە سەر مومتەلەکاتی گشتی، لە بەرامبەریشدا پۆلیس بەرەنگاریان بێتەوەو لێدانو کووتەك بەکاربێنێت، ئەوا ڕای گشتیو سیاسیو تەنانەت ڕای نوخبەی ڕۆشنبیرانیش درزی تێدەکەوێت لەبەردەم ناولێنانی توندوتیژی هەردوولادا دوودڵی یان پارێزگارییەکی کوێرانە لە لایەکیان دەبێتە سەنگی مەحەك. زۆرجاریش ئەوەی خۆپیشاندەران بەنارەزایی ناودەبرێتو ئەوەی پۆلیس بە توندوتیژیو دڵڕەقی دەوڵەت، لەڕاستیشدا هەردوو ڕەفتارەکە بەشێکن لەو ڕووە شاراوەی خودی ئینسان وا مەیلی شەڕانگێزی هەیەو تەنها ناولێنان دەگۆڕێت.

ئەوەی ئامادەیی باشی لەم جۆرە ڕەفتارانەدا هەیە دووژمنە ڕووخۆشەکانی کۆمەڵگانو لە تەراتێنی تەنیاییەوە هاتوونەتە ناو دونیای حەشاماتەوە.





ئەوانەی کە نامرن

# دکتۆر کاوس قەفتان

## ١٩٣٣-٢٠٠٩

ئەحمەد باوەڕ



بەر لەوەی لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا ببم بە خوێندکار، کتێبو نووسینەکانی (د. کەمال مەزهەر





ئەحمەد ) هێندەی تر مێژووی لا خۆشەویست کردبووم. ئەو ساڵەشی کە وەرگیراینو دەستمان بە خوێندن کرد (١٩٨٨ ) وا جوت بوو، کە چوار دکتۆری زاناو ناوداری کورد لە بەشی مێژووی - کۆلیژی ناوبراو بوون، ئەوانیش (د.کەمال مەزهەرئەحمەد، د. محەمەد محەمەد ساڵح بەگ، د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، د. جەمال ڕەشید ئەحمەدی خەڵکی کەرکوك بوو)، ئەوە بوو بۆ ساڵی دواتریش (د.کاوس قەفتان (١٩٣٣-٢٠٠٩ بۆ جارێکی تر گەڕایەوە ناو ژیانی زانکۆو بوو بە مامۆستای بابەتی (تورکیاو ئێران)مان لە قۆناغی دووەمی - بەشی مێژوودا .

بەڵام د.جەمال ڕەشید ڕاژەی خۆی گواستەوە بۆ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، ئێمەش کە چەند خوێندکارێکی کورد بووین لەو دەمانەداو لە بەشی مێژوودا زۆر دڵمان بەم مامۆستا بەڕێزانەی کورد خۆشبوو، چونکە بە بەردەوامی سەردانمان دەکردنو ڕێنمایی باشیان دەکردینو زۆرجاریش جگە لە وێنەگرتن، نووسراو و کتێبی خۆیانمان بۆ دەکردن بە دیاری بە تایبەتی دکتۆر کەمال مەزهەر، کە بە بەردەوامی نووسینو کتێبی چاپکراوی دەکەوتە کتێبخانەی کوردیو عێراقییەوە. لە لایەکی تریشەوە زۆر داخم ناچێ ئەمانە تارادەیەك لە ناو یەکداو لە گەڵ یەکتردا زۆر کۆكو ئاویان بە جۆگەیەکدا نەدەڕۆیشت، هەرچەند لەمەیشیاندا خوا هەڵناگریو بۆ مێژوو دەیڵێم: د. کەمال مەزهەر زۆر حەزی لەم چەندوچوونە





نەدەکردو هەمووشیانی وەك یەك خۆشدەویستو هەردەم بە باشی باسی دەکردنو ڕێزی لێدەگرتن، لەم ماوەیەشداو دوای وەفاتکردنی دکتۆر کاوسی مامۆستا، کە سەربوردەو بیرەوەریەکانی دوای خۆی کەوتە نامەخانەی کوردییەوە، زۆر بەوردیو بەجوانییەوە هەموویم خوێندەوەو گەلێك سەربوردەی ئەو دەمانەی هێنایەوە یادم. بۆ نموونە زۆر چاکم لەیادە ساڵی خوێندنی (١٩٨٨-١٩٨٩ )، کە خێزانەکەی دکتۆر وەفاتی کرد، ئێمە لە کاتی خۆیدا ئاگامان لەو ڕووداوە نەبوو، کە دواتریش زانیمانو بۆیان باسکردین، بەرانبەر بە دکتۆر کاوس خۆمان زۆر بە شەرمەزار دەزانی، ئەوە بوو چووینە لای دکتۆر کەمال مەزهەرو بارودۆخەکەی خۆمان بۆ گێڕایەوە، پێی وتین حاڵەتێکی زۆر سروشتییەو لەم ڕۆژانەدا دکتۆر کاوس دێتەوە سەر دەوامەکەیو دەتوانن هەر لێرەش سەرەخۆشی لێبکەنو داوای لێبوردنی لێبکەن، ڕۆژی دواتریش، کە هات لە ژوورەکەی دکتۆر کەمال پێکەوە دانیشتبوون خوێندکارانی هاوڕێم منیان ڕاسپارد سەرەتا دەبێ من بچمە ژوورەوەو قسەی لەگەڵ بکەم، ئەوە بوو سڵاو لێکردنو برادەرانی تریشم بەدوادا هات، پێموت: دکتۆر خۆتان خۆشبن، بڕوات هەبێ زۆر درەنگ زانیمانو داوای لێبوردن دەکەین، ئەویش لەبەرئەوەی خێزانەکەی خۆی زۆر خۆش ئەویستو پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەبوو، بە قورگی پڕ لە گریانەوە وەڵامی داینەوە (کاکە خۆ خۆشبی چی؟ خۆزگە خۆم بمردایەم. پیاو

ژنی نەبێ، بمرێ باشە). یەكێك لەو هەڵوێستە جوانانەش، كە بیرەوەرییەكانی دكتۆری خوالێخۆشبوو دەیخاتە یادم كاتی كۆڕەوەكەی ساڵی (١٩٩١ )ەو ئەو دەمانەیە، كە خەڵكی باشووری كوردستان بەرەو دیوی ئێران و توركیا بوونەوەو دوایی گەڕاینەوە، دكتۆر بەماڵەوەو لەگەڵ خزمەكانیدا لە ڕێگای سلێمانییەوە چووبوونە (پاوە) بە هەمانشێوە منیش پاش دابڕانم لە ماڵ و كەسوكارم لە هەمان هێڵەوەو بە ڕێگای تەوێڵەدا ئاودیوی ئێران بووم و بۆ ماوەیەكی زۆر كەم یەكمان بینی، بەڵام كاتێك ئەو وەك مامۆستاو منیش وەك خوێندكار گەڕاینەوە كۆلێژ لە بەغدا، ئەو بە چەند مانگێك پێش من هاتبووەوە دەستی بە دەوامی خۆی كردبوو، بەڵام من كاتێك هاتمەوەو گەڕامەوە بەغدا، گەرمەی وتووێژ بوو لەنێوان بەرەی كوردستانی و حكومەتی عێراقیدا، چەند ڕۆژێكی زۆر كەمی مابوو بۆ تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵی (١٩٩٠-١٩٩١ ) هەر كە دەگەڕایتەوە بێ لێپرسینەوە وەریاندەگرتی و دەتوانی دەست بە خۆیندنەوە بكەی، كەچی من كێشەم ئەوە بوو بە چەند بابەتێك زیاتر تاقیكردنەوەیەكی ئەوتۆم نەكردبوو، كاتێكی ئەوتۆیشم بە دەستەوە نەمابوو تا مامۆستاكانم تاقیكردنەوەم بكەن بۆ ئەوەی تێكڕا (السعی السنوی )م بۆ دابنرێ. خوێندكارانی هاوڕێشم، كە زۆربەی خەڵكی دەرەوەی بەغدا بوون بۆ مەسەلەی خوێندن گەڕابوونەوە، ئەو كاتە تاقیكردنەوەی كۆتایی ساڵ بە تەواوی دەستنیشانكرابوو، سەرۆكی بەشەكەمان (دكتۆر عەلا مووسا كازم





نەوڕەسی) بوو، چوومە لای و بارودۆخی خۆمم تێگەیاند، ئەویش پێی وتم: كاكە تۆ درەنگ هاتوویتەوەو دەبێ بۆ ئەمساڵی خوێندن واتە (١٩٩٠-١٩٩١ ) داواكاری دواخستنی خوێندن (تأجیل الدراسی) بكەی، بەڵام هێشتا دایك و كەسوكارم لە ئۆردوگای (قروە ) بوون، لەنێوان شاری سنەو هەمەداندا، ئەوە بوو لای سەرۆكی بەش هاتمە دەرەوەو دەمویست (مشاوەر)ەیەكی خۆم بكەم، لەپڕ دكتۆر كاوسم لێپەیدا بوو، پێی وتم: چۆنی؟ ئەوە بۆ وا درەنگ گەڕایتەوە؟ منیش بارودۆخی خۆم هەموو بۆ گێڕایەوەو پێموت: سەرۆكی بەش دەڵێ: دەبێ ئەمساڵ (تأجیل) بكەی، ئەویش قیڕاندی بە سەرماو پێی وتم: كوڕی خوا (تأجیل)ی چی وەزعەكە زۆر خراپەو گرانییەو ساڵی بە دوو سێ هەزار دیناری سویسری دەرناچی، ئەوەبوو دەستی گرتم و پێكەوە چووینە لای دكتۆر (عەلا نەوڕەسی)و قەناعەتی پێكرد، كە یارمەتیم بدا، بۆ ئەوەی ساڵەكە دوا نەخەم . بۆ ئەو بابەتانەشی، كە تاقیكردنەوەم بۆ نەكردبوون، قسەی لەگەڵ زۆرێك لە مامۆستاكانی تردا كردو هەموویان بەڵێنیاندا تەنها (د.حەمدان عەبدولحەمید كوبەیسی) نەبێ، كە دووبارە تاقیكردنەوەم بكەن، ئەوە بوو لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا هەموو ئەوانەم جێبەجێكردو لای خوێندكارانی خەڵكی بەغدا هەموو موحازەرەكانم پەیداكردو كۆپیم كردنەوەو بەسەركەوتوویی و بە هەوڵ و پشتگیری دكتۆر كاوسی ڕەحمەتی ئەو ساڵەی خوێندنم، كە قۆناغی سێیەم بوو لەدەستنەچوو.





لە ماوەی خوێندنەوەی بیرەوەرییەكانی دكتۆریشدا یەك دوو هەڵەو ناتەواویم بەرچاوكەوت، پێمخۆشە لێرەداو لەم یادەوەرییەی دكتۆردا دووبارە چاكیان بكەمەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕە (٢٦١ )دا، كە ئاماژە بۆ ناوی چەند دكتۆرێكی ئەو كاتەی بەشی مێژوو دەكات، بە تایبەتی ئەوانەی، كە لە ژوورەكەیدا لەگەڵیدا بوون لە ناوی یەكێكیاندا بۆ چەندجارێك دەنووسێ دكتۆر سدیق، لە ڕاستیدا پێم باشە بۆ خوێنەری بەڕێزی ڕوونبكەمەوە، كە ئەمەیان مەبەستی لە ناوی (د. سادق حەسەن سوودان)ییەو لەو دەمانە بەدواوەو لە قۆناغی چوارەمی بەشی مێژوو بابەتی (وڵاتە گەورەكان - الدول الكبرای )ی پێدەوتینەوەو پیاوێكی زۆر بەتوانا بوو، دكتۆرای لە بەریتانیا هێنابوویەوە، هەروەها لە لاپەڕە (٤٩٥ )دا وێنەیەكی دكتۆر كاوس قەفتان و دكتۆر مورتەزا حەسەن ئەلنەقیب لەگەڵ دوو خوێندكاری كورددا بڵاوكراوەتەوە، بەڵام ناوی خوێندكارەكان نەنووسراون، كە كێن؟ لە ڕاستیدا ئەوەیان، كە لە تەنیشتی دكتۆر كاوس قەفتانەوە وەستاوەو تەنكە ڕیشێكی هەیە ( ئەحمەد سەعید ساڵح) خەڵكی كەلارەو ئەوی تریشیان، كە لە تەنیشتی دكتۆر مورتەزاوە وەستاوە ناوی (ئەمین حەسەن مەلا فەقێ)یەو خەڵكی دەوروبەری دیالەیە.





# كۆمەڵگای كوردی و پرسی ئازدییەكانی رەگەزەكەی تر

هۆشیاری عەبدولعەزیز



بەتێڕوانینێکی بابەتیانەی فەلسەفی ئازادی ڕەگەزەکەی تر کە زۆربەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگا پێکدێنێ و بەشێکە لە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵ واتە ئازادبوون لە کۆت وبەندی دەسەڵاتی پیاو سالاری ، بەڵام ئەمە لەڕووی یاساوە جیاوازەو پێچەوانە واتای هاوتای ژن لەگەڵ پیاو لەئەرك و مافەکاندا . لە نێوان دوو چەمکەشدا چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەگەزی مێ لەدایك دەبێت و چەکەرە دەکات ، واتە ئازادی ژنان بەواتا قوڵ و بەرفراوانەکەی بریتییە لە ئازادی ئینسان لەو کۆت وبەندەی کە دەسەڵاتی پیاو بۆخۆی وەك بەشێك لە سێستەمی گشتی دایڕشتوە و وای کردوە کەوا ئەو سێستەمە داڕێژراوەی کە لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا بوونی هەیە ببێتە سێستەمێکی پاوانکارانەی گشتگیرو بەردەوام کاری لەسەر بکرێ وپێچەوانەش کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان ببێتە پرۆسەی بەڕێوەچونی پنت وبنەماکانی ژیان ، پیاویش کە خاوەنی ئەو سیستەمە باڵادەستەیە بەپێی خواست ولێکدانەوەی خۆی ئەرك و مافەکان دیاری دەکات ونایەوێ بگەڕێتەوە بۆ خاستی لایەنی دووەم کە ڕەگەزی مێیە و بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگایە ، چونکە پێی وایە بە گەڕانەوە بۆ دیدوتێڕوانینی لایەنی بەرانبەر کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری بۆ دێتە پێش و دەکەوێتە خولگەی ناسەربەستیەوە ، دیارە ئەمەش بەلای خودی پیاوەوە مەسەلەیەکی قورسە و پێی هەرسناکرێ و هەوڵدەدا هەرچی خۆی بیەوێ بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا دابەشی دەکاتەوە . بەمەش





هەموو شێوازەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان ژن و پیاودا هەروەها تەواوی یاساکانی نێوسیستەمی باو و دەسەڵاتدار بەیاسا مەدەنییەکانیشەوە . بەپێی فیکر و ئیرادەی پیاو و لەچوارچێوەی لێکدانەوەکانی خۆیی و غەریزەو عاتیفەی خۆیەوە دایان دەڕێژێت، چونکە پیاو خاوەن سیستەمەکەیە ودەسەڵاتی تەواو لەدەست ئەو دایە ، بۆیە گەر لەشوێنێکیشدا ولەژێر فشاری جۆراوجۆرهەندێك بنەمایی یاسای بگۆڕدرێن و ئەرك و مافی زیاتر لەجاران بەژن بدرێ بەمانایی ئازادی ژن نایەتەوە. چونکە ئەگەر عەقڵ و تێفکرینی پیاو نەگۆڕدرابێ ئەوا ئەو گۆڕانکاریە یاساییە لەزۆر حاڵەتدا. بەڕووکەشی دەمێنیتەوە و لەواقیعدا جێبەجێ ناکرێت بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەوا هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاخود دەستکاری کردنی یاساکانی ئەحوالی مەدەنی بێ سود و بێ کاریگەرە. بەڵام بەواتای بەدەست خستنی ئازادی ڕاستەقینەش نایەت. وەك ڕێکخراوەکانی ژنان بانگەشەی بۆ دەکەن و خەونی پێوە دەبینن. چونکە ئەو کاتە ئەو یاسایانەی بەحیساب ژن و پیاو لەڕووی ئەرك و مافدا یەکیان دەخات لەدەرەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارو باوی پیاودا دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دیاری کردنی ئەرك و ماف و گوێ بەیاسایەکی تر نادات لەدەرەوەی خۆی ئەمەش گرنتی نادات بەجێبەجێ کردنی ئەو یاسا نوێیە. هەروەها لەبەرئەوەی یاسا گۆڕراوەو سیستەم نەگۆڕدراوە بۆیە تاسیستەمی باو نەگۆڕرێت هەرچەندە یاساش بگۆڕدرێت. ناتوانێ فیکر و ئیرادەو





بڕیاری پیاو و پاشکۆیەتی و و ملکەچی ژن بگۆڕدرێ بەتایبەتی لەبارودۆخێکی دوواکەوتووی وەك کۆمەڵگای کوردستان .کەنەك هەر یاسایەکی تری نوێ و یەکسان بەڵکو ئەو یاسایەی بڕیاری لەسەر دراوە جێیەجێ ناکرێ چونکە تا ئێستا لەزۆر شوێنی کۆمەڵگای کوردستاندا داب و نەریتی باو و شێوازی کۆن وەك یاسایەکی ڕەواو و شەرعی پەسەند کراو کاری پێ دەکرێ ئەو داب و نەریتەش بریتی یە لە یاساکانی سیستەمی پیاو سالاری کە هەموو پەیوەندیەکانی نێوان ژن و پیاو دیاری دەکات و دەیان پارێزێت.

تەنانەت لەشارەکانیش کێشەو گرفت و مەسەلە خێزانیەکان بەداب و نەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی و لەژێر کاریگەری فیکری دەرەبەگایەتی چارەسەر دەکرێن ئەمەش دوور لە لایەنی یاسای کۆتایی پێ دێت. دیارە یاسای ئەحوالی شەخسیش هەرچەندە یەکسان و پێشکەوتووبێت بە شێوەی تۆبزی ناچەسپێ و جێبەجێ ناکرێت ، چونکە یاسا بۆخۆی دەبێ خواستەکانی زۆرینەیەکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگابێت و جێبەجێ کردنیشی بەو شێوەیە سەرناگرێت و ڕێزی لێناگیرێت ، بۆیە یاساو سەرجەم یاساکان سەرچاوەی هێزی جێبەجێ کردنی خۆی لەنیو ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو ئاستی باوەڕی و پەسەند کردنی لەلایەن تاکەکانەوە وەردەگرێت چەندە کۆمەڵگا پێش بکەوێت و تاکەکانی ژن و پیاو ڕێز لەیاساکان بگرن باوەڕی پێبکەن و پەسەندی بکەن . هەروەها جێبەجێ کردن و





پاراستنی ئەم یاسایانە بەئەرکی هاوڵاتێتی خۆیانی بزانن. ئەوا ئەوەندەش یاساکان دەبنە بەشێکی بنەڕەتی لەژیانی کۆمەڵگاداو جێگەی داب و نەریتەکان دەگرێتەوە،کۆمەڵگا دوواکەوتووەکانیش بەپێچەوانەوە هەمیشە دژی یاسا دەوەستنەوە داب و نەریتەکانی خۆیان بەپیرۆزتر دەزانن و دەیپارێزن بۆیە یاساکان چەندە پیرۆز و پیویست بێت و باش و جوان بن بەزۆری کوتەك و گوشار سزادان جێبەجێ ناکرێن و ڕێزیان لێناگیرێت. بەڵکو لەڕێگەی ناسین و تێگەیشتن و باوەڕکردن بەپیرۆزی و پێویستی و باشی و جوانی یاساکانەوە جێبەجێ دەکرێن و ڕێزیان لێدەگیریت. ئیتر بۆ ئەوەی ئەو گۆڕانکاریە یاساییە شوێنی خۆی بگرێت و کاریگەری خۆی لەسەر پێشخستنی تاك و کۆمەڵگاوە هەبێت . پێویستە پێش هەموو شتێك لایەنی فیکری و ئیرادەو کەسێتی تاکەکان بگۆڕدرێت و وەك پرۆسەیەکی سەرەتای کار لەسەر وشیاری کۆمەڵایەتی بکرێت و ئینجا دەتوانێت تاکەکانی بەرامبەر واتە پیاو بگۆڕێت . گۆڕانی کەسێتی ژن و پیاو واتە گۆڕانی سیستەمەکە ئەمەش لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاری بەسەر سەرجەم یاسا و ڕێساکان دا دێنێت و راستەوخۆ کاریگەری دەبێ لە سەر شێوازی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و ئەو رەوت و قۆناغەی کە کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕدەبێ و لەمپەرە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەرکەوتنی خواستە مەدەنی و دیموکراسیەکاندا کە فاکتەری سەرەکیە لە کرانەوەی کۆمەڵگادا ..

# نوسین و کاریگەری



هەرێم بەهادین

لەئێستادا هەن و زۆریشن ژمارەی ئەو قەڵەم بە دەستانەی کە لە کایە جیاوازەکانی نوسیندا ڕۆڵ دەگێڕن و ڕۆژانە کاراکتەری وشەن لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکاندا، بەڵام ئەوەی لەم زۆرییە مایەی هەڵوەستە لەسەر کردنە چەق بەستوویی تاکی نوسەرە لە گۆشە نیگای ئەو بابەتانەی کە دەیان نوسێت، چوون

ئاراستەی دنیا بینی بەشێك لە نوسەرەكان لە چوارچێوەیەكی داخراودا دەبزوێت، كوان ئەو نوسین و بابەتانەی كە بوونە ئاراستەی یەكلایی كردنەوەی مسەلەیەكی هەستیاری وەك، بەرابەر بوونی ژنان بە پیاوان و كوشت وبڕ و سوكایەتی پێكردنی توێژی ژنان، لەم لایەنەدا ئەو دێرە بە پێزەی فایەق بێكەس دەهێنمەوە یاد كە دەڵێ (مەڵێ من كچم تۆش وەكو منی، موحتاج بە عیلم و فەن و خوێندنی، مەجبوری ئیش و خزمەتكردنی، هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە، سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە) ئەوەی لە بەرەنجامی ئەم چەند دێرەوە سەریهەڵدا بۆ ئەوكات شۆڕشێك بوو دژی چەندین دابوونەریتی چەق بەستوو ئەوێ دەم پیاوان ڕێگریان لە كاری ژنان و خوێندن و پێویستیان دەگیرا، بەڵام نوسینێك بە بەرمەبنایەكی فراوان كاریگەری لەسەر هزری تاكی كۆمەڵگا جێ دێڵێ و ڕەگەزی بەرامبەریان وەك پێویست سەیر دەكەن و تێكەڵ بە كایە جیاجیاكانی ژیانیان دەكەن.

یان ئەو وتار و نوسین و بابەتانەی كە ڕۆژانە هۆكاری پڕكردنەوەی ڕووی چەندان گۆڤار و ڕۆژنامەن بۆ ئاراستەیەك بە لایەنی باشتركردنی كۆمەڵگا نابرن و ببنە مێژوو ئەگەرچی هەن، لێ لەو ئاستەدا یەكلا نابنەوە كە لایەنی لەسەر نوسراو یان وتراو بگاتە ئاستی باوەڕ پێیان.

لە ئێستای ئەم هەموو والاییەی بۆ ئازادی ڕادەربڕین و هەڵوەستە





كردن لەسەر باره جیاجیاكانی كۆمەڵگە لە ڕووكارە ڕامیاری و كۆمەڵاتیی و .....هتد بوونی هەیە ئاستی داهێنان بەو لایەنەدا نەشكاوەتەوە كە سوود مەندی ئەم والا بوونەی مافی ڕادەربڕین بێت، ئەگەر قسە لەسەر بەرەنگار بوونەوەی تەیار یان لایەنێك بێت بەرابەر دەربرین و گوزارشتمان خۆ بەر لە ڕاپەڕین پرۆسەكانی سەركوتكردن بەجۆرێك بوون كە وێنا نەدەكران لە وەحشیەت، بەڵام بەو پێیەی باوەڕ و بنەمایەكی دروست هەوێنی نوسین یان ڕاو بۆچوون لە ناخی قەڵەم بەدەست و پێشڕەوەكانی داهێناندا بوونی هەبوو كاركردن دەگەیشتە ئاستی شاكار.

ئەگەر لەم سۆنگەی نوسینەوە لایەنی شیعر لە كۆمەڵگەی كوردیدا بە نمونە وەربگرین لە قۆناغی شیعری ١٩٣٩ بۆ ١٩٥٨ بزاوتێكی گۆڕانخوازانەو داهێنەرانەی وای هێنا كە خەباتی ڕامیاری تێكەڵ بە دەق كراو شیعرە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان بوونە ژیلەمۆی جۆش دراوە و تاكی ئەو سەردەمەیان بە جۆرێك بارگاوی كرد كە كار بۆ سەندنی مافیان بكەن نوسەرانی ئەودەم توانیان بە هزر و بیری خۆیان خەبات تێكەڵ بە هۆنینەوەی وشە بكەن و لەم لایەنەشەوە هاواری گەیشتن بە ماف، بەرجەستە بوونی ئارامی و ئازادییان لە گەرووی تاكدا خولقاند، كام نوسین یان كام دێر لە ئێستادا تاك دەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی ماف خوراوە و دەبێ مافی بدرێت.





## سەرەتاكانی

# ڕەخنەی ئەدەبیی كوردی



د.عادل گەرمیانی

ڕەخنە وەك كارێكی هەڵسەنگاندن بە واتا ساكارو سادەكەی لە توانای هەموو مرۆڤێكدایە ، چونكە مرۆڤی خوێنەوارو نەخوێنەوار دەتوانێ گوڵی جوان و ڕووخساری جوان و ڕەفتاری باش





هەڵبسەنگێنێ ، هەروەها دەتوانێ شتی ناشیرین و كرداری خرابیش هەڵبسەنگێنێو ، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕەخنەی سەرزاری یەكەمێن قۆناغ و هەنگاوەكانی ڕەخنەی كوردییە ٠

ڕەخنەی ئەدەبی وەك نووسینێكی پەخشان ئامێزو ، وەك بەرهەمێكی ژیری و مەعریفی تازە بابەتە لەنێو ڕەوتی ئەدەبی كوردیدا و ، سەرەتای سەرهەڵدانی بە شێوەی نووسراو بۆ پاش جەنگی یەكەمی جیهانیی دەگەڕێتەوە ٠

مرۆڤی كورد تا ئەم ڕۆژگارە بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی هەندێك لایەن و دیاردەی ژیان و دەوروبەری خۆی هەڵسەنگاندووە ، بەشتی باش باشی وتووەو بەشتی خراپ خراپی وتووەو ، ئەم جۆرە وتنە هەڵسەنگاندنێكی ڕەخنەییە دەچێتە خانەی ڕەخنەی سادە و ساكارەوەو ، دەتوانین بە قۆناغی یەكەمی سەرهەڵدانی ڕەخنەی كوردی دابنێین، هەرچەندە تا ئەمرۆژگارە ئەم جۆرە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە سادەو ساكارە بەردەوامەو هەبوونی هەیە ٠

بەحوكمی ئەوەی هۆنراو ( شیعر ) یەكەمین ڕەگەزەكانی ئەدەبە لەڕووی سەرهەڵدانەوەو پانتایی فراوانی بۆ خۆی لە خاكی ئەدەبی گشت گەلاندا بە تایبەتی لە خاك و گەنجینەی ئەدەبی كوردیدا ، بۆیە ڕەخنەی ناوەی دەق سەرەتا لەنێو دەقی هۆنراوەی كوردییەوە سەری هەڵداوەو ، بۆمان هەیە بۆچوونە ڕەخنەییەكەی بابا تاهیری

عوریان لە بارەی ( ناعەدالەتی ژیان و گوزەران )ی خەڵکی ، هەروەها ڕەخنەگرتنی مەلای جەزیری لە بارەی بایەخ نەدانی خوێنەرانی سەردەمی خۆیبە شیعری کوردی و زیاتر شەیدابوونیان بە شیعری هەردوو هۆنیاری فارسی ( حافز و سەعدی) ٠ هەروەها بۆچوونە ڕەخنەییەکەی ئەحمەدی خانی لە بارەی ( نەبوونی دەوڵەتێکی کوردەواری ) و هەوڵ نەدانی بۆ بەکارهێنانی جۆرە دراوێکی کوردی تایبەت ، هەروەها ڕەخنەکانی نالی لە خوێنەرانی سەردەمی خۆی کەوا ئەوەندە بەهای ئەدەبی کوردییان نەزانیوەو ، هەروەها ڕەخنەگرتنی نالی لە نەبوونی جۆرە خوێنەرێکی ڕەخنەگر بتوانێت لەلایەن ئاست بەرزیی شیعرەکانی بدوێت ٠ ئەم جۆرە بۆچوونە ڕەخنەیییەی نێو هۆنراوەی کلاسیکی کوردی دەتوانین تا ڕادەیەك بە قۆناغی دووەمی ڕەخنەی کوردی دابنێین ، کەوا هۆنیارە ڕەخنەگرەکان لە خەمی نەبوونی ڕەخنەگردا ئەم جۆرە ڕەخنەیەیان گرتووە ، هەرچەندە ڕەخنە وەکو هونەرێکی ئەدەبی لە شێوەی پەخشان دەنووسرێ ٠

بۆ باسکردنی قۆناغی سێیەمی ڕەخنەی کوردی دەتوانین کتێبەکانی ئەمین فەیزی بەگ و عەلی کەمال باپیر و ڕەفیق حیلمی و عەلائەدین سەجادی بکەینە سەر دەستەیەك بۆ ئەو قۆناغە ٠ هەرچەندە لەم جۆرە قۆناغەدا نابێ نکۆڵی لە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بکرێ ، کەوا شێخ





نوری شێخ سالحی هۆنیار لەسەر دەستەی ئەم جۆرە ڕەخنەیەدا دادەنرێت ٠ هەرچەندە سروشتی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی زۆر کورتە و ، ڕەخنەگر بە پێی گۆشەی نێو ڕۆژنامەکە دەبێ بیروبۆچوونی ڕەخنەیی خۆی گەلاڵە بکات و ، بە شێوەیەکی کورت پێشکەشی بکات و ، لەم جۆرە ڕەخنەدا ڕەخنەگری ڕۆژنامەنووس ناتوانی هەموو لایەنە هونەرییەکانی دەقە ئەدەبییەکە بەسەربکات ٠

دیارترین دیاردەی ڕەخنەی کوردی ئەوەیە زۆر درەنگ سەری هەڵداوە لە ئاست سەرهەڵدانی هۆنراوەی کوردی لە ڕابردوویەکی دێریندا ٠ بۆ نموونە شیعری کوردی خاوەن هەزار ساڵ تەمەنە ، کەچی لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئەوسا چرۆی ڕەخنەی کوردی دەستی بە سەرهەڵدان کردووە ٠ واتە دەقی ئەدەبی کوردی ماوەیەکی درێژخایەن بەبێ ڕەخنە ماوەتەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمداو ، ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە پێشکەوتنی ڕەخنەی کوردیدا ٠

لە ڕاستیدا ناتوانین سەرجەم وتارە ڕەخنەییەکانی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی سەدەی بیستەمدا لە ڕووی ڕێبازەکانی ڕەخنەوە بە تەواوی بژمێرین ٠ لێرەشدا ژمارەی ئەم کتێبانە خۆیان لە قەرەی ڕەخنەی کوردیدا بە ژمارەی پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن لەو سەردەمەدا و دەتوانین کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی لەسەرەتاین، هەروەها دیاردەیەکی زەقی دیکەی نێو ڕەوتی





ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی ئەوەیە زۆربەی نووسەرە ڕەخنەگرەکان لە بازنەی ڕەخنەی بۆچوونی دەخولێنەوە ، کەوا زیاتر ئەو جۆرە نووسەرانە بۆچوونی تایبەتی خۆیان دەخەنە ڕوو بێ خۆبەستنەوە یا سوود وەرگرتن لە ڕێباز و قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لە جیهاندا ٠ هەروەها دیاردەیەکی دیکەی نێو ڕەوتی ڕەخنەی کوردی ئەوەیە لە سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئاوڕ لە دەقی چیرۆکی کوردی و شانۆی کوردی و لەم دووایەدا ڕۆمانی کوردی دراوەتەوە ، هەروەها لە سالآنی راپەڕینەوە هەندێ گۆڤاری تایبەت بە ڕەخنەی کوردی دەرچووە وەك ( گۆڤاری پرۆژە ، گۆڤاری سەراب ، گۆڤاری ڕەخنەی سەردەم ، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر ) ٠ هەردوو گۆڤاری پرۆژەو سەراب ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ دەرچووە بۆ نموونە سێ ژمارە لە گۆڤاری پرۆژە دەرچووە و ، شەش ژمارە لە گۆڤاری سەراب دەرچوو ٠ پاشان بابەتی ڕەخنەیی شوێن خۆی لەنێو لاپەڕەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیرییەکانی هەندێ ڕۆژنامەی کوردی وەك پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی و ڕۆژنامەی برایەتی کردووەتەوە ٠

دیارترین دیاردەی ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی ئەوەیە ڕەخنەگرانی کورد هەوڵ دەدەن لەڕووی زانیارییەوە بابەت بڵاوبکەنەوەو ، ژمارەیەکی زۆر کەمیان هەوڵیانداوە لە ڕووی





پراکتیکەوە بابەتی ڕەخنەیی بڵاوبکەنەوە، کەوا ئەم جۆرە دیاردەیە بەلامانەوە زیاد سوودبەخشە لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخماندا ، هەروەها دیاردەی زیندووکردنەوەی یا ژیاندنەوەی ڕەخنەی بونیادگەری و ڕەخنەی هەڵوەشانەوە تازە دەستی پێکردووە لەنێو ڕەخنەی کوردیدا ، کەوا ئەم دوو جۆرە ڕەخنەیە لەنێو ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپیدا ماوەیەکی باشی بەسەرداچووە ٠

ڕەخنە وەك کارێکی هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی ، وەیا وەك پیادەکردنی تیۆرێکی ڕەخنەیی بەسەر دەقێکی ئەدەبی ، سوودی تایبەتی خۆی هەیە لەبواری گەشەسەندن و نەشونماکردنی دەقی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی گەلاندا و، ئێمەی کوردیش لە بواری بەرهەمی ئەدەبیدا خاوەن سامان و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندین ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تا سەرەتای سەدەی بیستەهەمی ڕابردوو خاوەن بەرهەمی ڕەخنەیی نین وەك گەلانی دوور و نزیکی خۆمان و، بە لامانەوە ئەم دیاردەیە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە٠ دەگەڕێتەوە :

١. بایەخ نەدانی میرنشینانی کورد بە ئەدیب و نووسەر و هۆنیارانی سەردەمی خۆیان بووە هۆی لاوازی ئەدەب و ڕەخنەی کوردیمان لەو سەردەمانەدا ، چونکە ئەو جۆرە بایەخدانە بە ئەدیب و نووسەران و ڕەخنەگران لە

مێژووی ڕابردووی ئەدەبی ئینگلیزیو عەرەبیو فارسی کۆندا ڕوڵێکی هەبووە لە گەشەسەندنی ئەدەب و ڕەخنەیان .

٢. لەتبوونی خاکی کوردستان لە سەدەکانی ڕابردووی کورددا تا ئەم ڕۆژگارەو ، نووسینی دەقی ئەدەبی بە شێوەزاری ناوچەیی لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە درەنگ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو ڕەوتی مێژوویی ئەدەبی کوردیمان ٠

٣. دەکرێ بڵێین هەردوو کێشەی نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی ستاندەرو نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتوو تا ئەم ڕۆژگارە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە درەنگ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ٠

٤. درەنگ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ڕۆڵێکی کاریگەری خۆی هەبووە لە گەشەنەسەندنی ڕەخنەی ئەدەبیدا ، چونکە زۆر جار ڕۆژنامە لە بەش و لاپەڕەی ئەدەبیدا پێویستی بە نووسینی ڕەخنەیی هەیە و ، باشترین سەرەتا بۆ ڕەخنەی کوردیی نووسراو بۆ ڕۆژنامەی ( ژیان ) دەگەڕێتەوە ، کەوا لە ساڵی ١٩٢٥ دا بیست و پێنج ئەلقەی نووسینی ڕەخنەیی شێخ نووری شێخ ساڵحی هۆنیار بە ناونیشانی( سەنعەت و سەنایع نەفیسە چییە )ی تێیدا بلاوکرایەوە ٠





٥. نەبوونی چاپخانەی کوردی تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی ڕۆڵی خۆی هەبووە لە هاننەدانی نووسەرانی ئەو سەردەمانە بۆ چاپکردنی بۆچوونی ڕەخنەیی خۆیان بە شێوەی کتێب و ، دەکرێ کتێبی چاپکراوی عەلی کەماڵ باپیری هۆنیار بە ناونیشانی (گوڵ دەستەی شوعرای هاوعصرم ) بکەینە باشترین سەرەتای کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان ٠

٦. دەرنەچوونی ڕۆژنامەیەك یا گۆڤارێکی تایبەت بە ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی تا ساڵانی کۆتایی سەدەم بیستەهەم و ، دەکرێ دەرچوونی گۆڤاری ( پرۆژە ) لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ بە یەکەمین گۆڤاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دابنرێت ٠

ئێمە لەم باسەماندا کە بە ناونیشانی ( سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ) یە هەوڵدەدەین هەنگاوە سەرەتاییەکان دەستنیشان بکەین وەك دەروازەیەك بۆ باسکردنی ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیمان بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە ، کەوا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەند هەنگاوی باشی ناوەو ، هەندێ گۆڕانکاریی بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووی چۆنیەتی و چەندێتییەوە ٠ یەکەمین ئەڵقەی ئەم نووسینەمان بۆ باسکردنی ڕەخنەی ئەدەبی لە ناوەوەی هۆنراوەی کلاسیکی کوردیمان تەرخان دەکەین ٠





# مۆرفۆسینتاکسی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خانەقیو سلێمانیدا



م.ی. ئومید بەرزان برزۆ

**مۆرفۆسینتاکس**: زاراوەیەکی زمانەوانییە، ئاماژەکردنە بۆ پۆلو تایبەتییە ڕێزمانییەکان، کە بە خستنەڕووی هەردوو پێوەری مۆرفۆلۆژیو سینتاکسیی جێبەجێدەکرێت.

ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی لای خوارەوە لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا (شێوەزاری خانەقینی) بدەین، لـ ەبکەرو بەرکارو کار پێکهاتوون، دەتوانین بکەرو بەرکاری ڕاستەوخۆ لە هەر سێ ڕستەکەدا بەجێناوی کەسیی لکاو (نووسەك) جێگیر بکەینو لە قاڵبی وشەیەکدا (ڕستەی کورتکراوە/ دروستەی مۆرفۆسینتاکسی) دایبڕێژین:













دەبینین:

ڕستەی یەکەم - ڕۆنانی کارەکەی بنەڕەتییە.

ڕستەی دووەم - ڕۆنانی کارەکەی داڕێژراوە.

ڕستەی سێیەم - ڕۆنانی کارەکەی لێکدراوە.

بەپێی گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە، واتە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری داڕێژراو یان لێکدراو کلیتیکی بەرکاری جێگۆڕکێ دەکات، بەڵام ئەرکی ناگۆڕێت، چونکە هەر دەستە جێناوێك کۆمەڵێك ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، بەمشێوەیە:

١- گرت - یمن - ە - یان




٢- دا - یان - گرت - یمن

٣- ڕەسم - یان - گرت - یمن

بکەر بەپێی کەسو ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم (م ـ ی/یت/ید ـ Ø،د ـ یمن ـ ن ـ ن) بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێتو هەمیشە بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێتو جێگۆڕکێ ناکات، بەمەش ئەرکی ڕێککەوتنی بکەریی (نۆمینەیتڤ) دەبینێت، بەڵام بە گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری داڕێژراو یان لێکدراو، کلیتیکی بەرکاری لە دەستەی دووەم (م ـ ت/د ، ی ـ مان ـ تان/دان ـ





یان) شوێنەکەی دەگۆڕێتو لە کۆتایی کارە بنەڕەتییەکەوە دەچێتەسەر پێشگری کارە داڕێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە، ئەم دیاردەیەش بە (جێگۆڕکێ) ناودەبرێت، لە جێگۆڕکێدا ڕووخساری جێناوی لکاو ناگۆڕێت، بۆیە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە چوارچێوەی فرێزی کاریدا جوڵەیەکی چالاکیان هەیەو لە خانەی بنەڕەتی خۆیانەوە بەرەو لای ڕاستی ڕەگی کاری ڕستەکە دەجوڵێن، بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕستەکەدا دێت. دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان وەکو (بکەر)و (بەرکار) لەگەڵ کاری بنەڕەتیو داڕێژراو و لێکدراوی تێپەڕدا لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە:




بەڵام جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم (م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان) و دەستەی دووەم (م ـ ی/یت ـ Ø ، ێت/ات ـ ین ـ ن ـ ن) لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا (شێوەزاری سلێمانی) بەپێی گۆڕینی کاتی کارەکە واتە (ڕابردوو و ڕانەبردوو) ئەرکی بکەریو بەرکاری ئاڵوگۆڕدەکەنو لە هەمانکاتیشدا شوێنی خۆیان دەگۆڕن، واتە ئەرکگۆڕکێو جێگۆڕکێ دەکەن، بەمشێوەیە:








بۆ نموونە:

١- کرداری ڕابردوو:




١- کرداری ڕانەبردوو:




## سەرچاوەکان:

١. ئومێد بەرزان برزو (٢٠٠٦) ، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیندا ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی پەروەردە ـ زانکۆی کۆیە.

٢. وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) ، ڕێزمانی ڕاناوی لکاو ،





بەغدا.

٣. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١) ، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتنو ئەرکەوە لە کرمانجیی خوارووداـ ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

٤. Crystal, D. (1991), a dictionary of Linguistics and phonetics, Block Well: Oxford, p (226).








وەرگێڕانی: ئازاد عوسمان
azadosman@yahoo.se

لەمیانەی زنجیرە دیدارێکی بەچێژدا، نووسەری ناسراوی کۆڵۆمبی و براوەی خەلاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات، مارکیز، تیشکدەخاتە سەر زۆر لایەنی پیشەی نووسین و وردکاریەکانی. منیش پێنج پارم لەو زنجیرە دیدارانە وەرگێڕاوەو بەنیازم لە دووتوێی نامیلکەیەدا بڵاویان بکەمەوە، بەڵام پێش ئەوە، پێمخۆشە ئەم بەشەیان کە بەرای خۆم بۆ نووسەران بەگشتی و ئەوانەی دەیانەوێت زانیاریان لەم بوارەدا زیاد بێت، زۆر بەسوودە، لەرێگەی ئەم گۆڤارەوە بە خوێنەران بگەیەنم، بەو ئومێدەی سودی لێببینن.

**وتووتە نووسین کارێکی خۆشە، هەروەك وتووشتە کە ئازاراویە، ئایا کامەیانە؟**

هەردووکیان راستن، لەسەرەتاوە کە دەستم بەنووسین کردو فێری پیشەکە دەبووم، بە خۆشییەوە دەمنووسیو هەستم بە بەرپرسیارێتی نەدەکرد. بیرم دێت لەو کاتانەدا دەمتوانی بەبێ پشووو بە ئاسانی، چوار بۆ پێنجو تەنانەت دە لاپەڕەش بنووسم، ئەمەش پاش ئەوەی لە ئۆفیسی رژنامەکەمدا لە کاتژمێر





دەوروبەری دوو یان سێی بەرەبەیان لە کارەکەم دەبوومەوە، تەنانەت جارێکیان لە یەك دانیشتنمدا کورتە چیرۆکێکم نووسیو تەواوم کرد.

**ئەی ئێستا؟**

ئیستا ئەگەر توانیم پەرەگرافێکی چاك بەدرێژایی رۆژ بنوسم ئەوا بەخت یاوەرم بووە، چونکە بەتێپەڕینی کات پرۆسەی نووسین دەبێتە مەسەلەیەکی زۆر ئازاراویی‌و بەئێش.

**بۆچی؟ خۆی دەبێت هەرچی کارامەیت زیادی کرد، نووسین بەلاتەوە ئاسانتر بێت؟**

مەسەلەکە ئەوەیە کە هەستکردنت بە بەرپرسیارێتیش زیاد دەکات، لەو کاتەدا هەستدەکەیت هەر وشەیەك کە دەینووسی کاردانەوەیەکی گەورەتری دەبێت‌و کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر تری خەڵکی درووستدەکات.

**رەنگە ئەمە یەکێك لە دەرەنجامەکانی ناوبانگ بێت، ئایا ناوبانگ بێزاری نەکردووی؟**

ناوبانگ تووشی دڵەڕاوکێ‌و قەلەقیم دەکات. لە کیشوەرێکدا کە هێشا ئامادەسازیی بۆ پێشوازیکردن لە نووسەرانی سەرکەوتوو نەکردووە، خراپترین شت لە نووسەرێك کە پێشبینی سەرکەوتنێکی ئەدەبیی نەکردبێت بقەومێت، ئەوەیە کە کتێبەکانی وەکو نان





بفرۆشرێن. من رقم لەوەیە ببمە بابەتێك بۆ خۆتێهەڵقورتاندن‌و فزوڵ، حەزم لە تەلەفزیۆن، کۆنفرانس، کۆنگرەو مێزەکانی دیالۆگ نییە.

**ئەی چاوپێکەوتن؟**

بەڵێ ئەویش بەهامانشێوە. بەراستی ناخوازم هیچ کەسێك تووشی بەڵای سەرکەوتن بێت، چونکە وەکو ئەو کەسەیە کە بە شاخدا سەردەکەوێت، خەریکە خۆی دەکوژێت تا دەگاتە لوتکە، کە دەشگات دەتوانێت چی بکات؟ دەبێت بە ویقارو ئاگادارییەوە دابەزێتە خوارەوە.

**کاتێك گەنج بوویت و دەبوایە بۆ گوزەرانت پشتت بە کاری تر ببەستایە، راهاتبووی کە شەوانە بنووسیت‌و جگەرەیەکی زۆریش بکێشی...**

چل جگەرە لە رۆژێکدا

**ئەی ئێستا؟**

ئێستا جگەرە ناکێشم، هەروەك تەنها بە رۆژ دەنووسم.

**لە بەیانیان دا؟**

لە نۆی بەیانییەوە تا سێی پاش نیوەڕۆ، لەژوورێکی هێمن‌و گەرم دا دەنووسم، چونکە قەرەباڵغی‌و سەرما بیرم پەرت دەکەن.

**ئەو پەڕە کاغەزانەی کە خاڵیان بەسەرەوە نییە نیگەرانت دەکەن وەك زۆر نووسەری دیکە نیگەران دەکەن؟**

بەڵێ، پاش شوێنی داخراو، سەرەکیترین ئەو شتانەیە کە نیگەرانم دەکات، بەڵام لە دوای ئەوەی ئامۆژگارییەکی **هەمەنگوای**م خوێندەوە ئیتر هەستم بە نیگەرانی نەکردەوە، ئامۆژگارییەکە دەڵێ: نابێت لەکار بوەستین هەتاوەکو نەزانین بۆ سبەینێ چۆن دەست پێدەکەینەوە.

**ئەو دەروازەیە چییە کە لێوەی دەست پێدەکەیت بۆ نووسینی کتێبێك؟**

وێنەیەك، وابزانم بە نیسبەت نووسەرانی دیکەوە کتێب لە بیرۆکەیەك یان چەمکێکەوە لەدایك دەبێت، بەڵام من بەردەوام بە وێنە دەست پێدەکەم، بۆنمونە "**سەرخەوی سێشەممان**" کە بەلای خۆمەوە باشترین کورتە چیرۆکێکە کە نووسیبێتم، لە بینینی ژنێك و مناڵەکەیەوە لەدایکبوو کە هەردوك رەشیان پۆشیبوو و لەگەڵ چەترێکدا لەژێر هەتاوێکی سووتێنەر لە شارێکی بەجێهێڵراو رێیان دەکرد. لە "**گێژەڵووکەی گەڵاکان**" دا، پیرەپیاوێك وەچەکەی دەبات بۆ پرسەیەك. خاڵی دەستپێکی "**کۆڵۆنیۆلێك کەس شك نابات نامەی بۆ بنووسێت**" وێنەی پیاوێکە لە نزیك بازاڕی "بارانکیلا" چاوەڕێی یەختێکە، پیاوەکە بە دوودڵییەکی بێدەنگانەوە چاوەڕێی دەکرد. دواى ئەم نووسینە بە چەند ساڵێك، لەپاریس خۆم لەم





وێنەدا بینیوە کاتێك بەهەمان دوودڵیەوە کە لە روخساری ئەو پیاوەدا بەدییدەکرا، چاوەڕێی هەواڵەیەك بووم.

**ئەو پیاوە باپیرەت "کۆڵۆنێك مارکیز" بوو؟**

بەڵێ

**ئایا ئەو رووداوە بەراستی روویداوە؟**

بەتەواوی نا، بەڵام سرووشەکەم لەشتێکی واقیعییەوە وەرگرت. بیرمە کە منالێکی بچووك بووم لە **ئاراکاتاکا**، باپیرم بردمی بۆ سێرك بەمەبەستی بینینی وشتری عەرەبیی یەك کۆپارە، رۆژی دواتر پێموت کە بەفرم نەبینیوە، بۆیە بردمی بۆ موستەعمەرەی کۆمپانیای مۆزو داوای لێکردن سندوقێکی ماسیی **بووری** بەستراوی بۆ بکەنەوەو دەستمی خستە نێو سندووقەکەوە.لەم وێنەوە دەستمکرد بە نووسینی "سەد ساڵ لە تەنیایی".

**کەواتا دوو یادەوەریی خۆتت پێکەوە کۆکردەوە بۆ ئەوەی یەکەم رستەی رۆمانەکەتی پێ بنووسیت، ئەو رستەیە کامەیە؟**

"پاش چەند ساڵێکی درێژ، لەبەردەم فەسیلی تیرباران کردن دا، کۆڵۆنیۆل ئۆرلیانۆ بویندیا، ئێوارەی ئەو رۆژە دوورەی بیر کەوتەوە کە باوکی لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ ئەوەی بەفری پێ بناسێنێت".

**زۆرجار لەکتێبەکانتدا گرنگییەکی زۆر بە رستەی یەکەم دەدەیت، جارێکیان پێت وتم هەندێکجار رستەی یەکەم کاتێکی زۆرت دەبات کە زۆر زیاترە لە کاتی پاشماوەی کتێبەکە بەگشتی، بۆچی؟**





چونکە رستەی یەکەم دەشێت ئەو تاقیگەیە بێت کە شێوازو بنەماو درێژیی هەموو کتێبەکەی لێوە پێکدێت.

**پێویستت بە کاتێکی زۆرە بۆ نووسینی رۆمان؟**

کاتەکە پەیوەست نییە بە نووسینەکەوە، چونکە نووسین کارێکی زۆر خێرایە، "**سەد ساڵ لە تەنیایی**"م لە دوو ساڵدا نووسیی، بەڵام پێش ئەوەی لەبەردەم ئامێری تایپەکەدا دانیشم بۆ دەستکردن بە نووسینی رۆمانەکە، پانزە یان شانزە ساڵ بیرم لەو کتێبە دەکردەوە.

**هەروەك پێویستت بە کاتیش بوو بۆ پێگەیاندنی رۆمانی "پاییزی باتریارك"، ئەی چەند ساڵ چاوەڕێتکرد پێش نووسینی "چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا"؟**

سی ساڵ.

**بۆ ئەو هەموو کاتە؟**

چونکە رووداوە کە لە ساڵی ١٩٥١ روویدا، ئەوکات جێگای گرنگیم بوو وەکو وتارێکی رۆژنامەوانیی نەك بابەتێك بۆ رۆمان، بەڵام لەو کاتەدا لە کۆڵۆمبیا ستایڵی نووسینی رۆژنامەوانیی سست بوو، منیش لە رۆژنامەیەکی ناوخۆییدا رۆژنامەوان بووم زۆر گرنگی بەم مەسەلەیە نەدەدا. پاش ئەمە بە چەندین ساڵ بەشێوازێکی ئەدەبیانە بیرم لە رووداوەکە کردەوە، بەڵام دەبوو ئەو شەرمەزارییەم لەبەرچاو بگرتایە کە بۆ دایکمم درووست دەکرد





کاتێك ئەو هەموو خزمو هاوڕێیەی خۆی لەنێو کتێبێکدا بدیبایە کە کوڕەکەی نووسیویەتی، بەڵام لەراستیدا بیرۆکەکە زۆر سەرەنجی رانەکێشام تا دوای ئەوە چەند ساڵێك بیرم لێکردەوە، بۆم دەرکەوت هۆکاری سەرەکی رووداوەکە ئەوە بووە کە هەردوو بکوژەکە نەیاندەویست تاوانەکە ئەنجام بدەن، بەڵکو هەرچی هەوڵێك لە توانایاندا بووە داویانە بۆ ئەوەی کەسێك رێیان لێبگرێت بۆ ئەوەی لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبن، ئەمە تاکە ژانری راستەقینەی ئەو رووداوەیە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی بوونە رێگرو وایانکرد بەرهەمەکە دوابکەوێت، بونیادە، چونکە لە ژیانی واقیعی دا چیرۆکێك پاش بیستو پێنج ساڵ لە روودانی کۆتایی پێدێت کاتێك پیاوەکە بۆ لای ژنە بێزییەکەی دەگەڕێتەوە، بەڵام لای من بەردەوام وایە کە دەبێت کتێبەکە بە وەسفێکی وردوسەراپاگیر ی تاوانەکە کۆتایی پێبێت. کەسایەتی حیکایەتخوانم خستەنێو کارەکەوە کە بتوانێت ئازادانە لەنێو بونیادی زەمەنیی چیرۆکەکەدا بێو بچێت، بۆیەکەمجار لەژیانمدا ئەم تێکستەم بە راناوی کەسی قسەکەر "چمیر متکلم" نووسی، پاش سی ساڵ شتێکم بۆ دەرکەوت کە ئێمەی رۆماننووسان لەهەوڵی ئەوەداین لەبیری کەین، ئەویش ئەوەیە کە "راستی"، بەبەردەوامی باشترین شێوازی ئەدەبیە.

**هەمیشە هەمنگوای دەیوت دەبێت نووسینێك زۆر زوو و هەروەك زۆریش درەنگ نەنووسیت. ئایا هێشتنەوەی چیرۆكێك بۆ ماوەیەكی درێژ، تووشی بێزاریی نەكردی؟**

هەمیشە گوێم بەو بیرۆكانە نەداوە كەنەیانتوانیوە بەرگەی سالآنێك لەپشتگوێخستن نەگرن. ئەگەر بیرۆكەكان راست بن بۆ ئەوەی بەرگەی پانزە ساڵ بگرن وەكو "سەد ساڵ لە تەنیایی" و حەڤدە ساڵ وەكو "پایزی باتریارك" و سی ساڵ وەكو "چیرۆكی مەرگێكی ئاشكرا" ، ئەوا هیچ رێگەیەكی ترم لەپێشدا نامێنێت جگە لە نووسینەوەیان.

**ڤەت تێبینی دەنووسیت؟**

هەرگیز، جگە لە هەندێك یادخستنەوەی كورتو تێپەڕ نەبێت. من لە ئەزموونمەوە ئەوە فێربووم كە هەر كاتێك تێبینیت نووسی، ئەوا ئەوەندەی بیر لە تێبینییەكان دەكەیتەوە ئەوەندە بەدووی بیرۆكەكەتەوە ناكەویت.

**ئایا زۆر هەڵەچنی ئیشەكانت دەكەیت؟**

لەمەسەلەی هەڵەچنی ئیشەكانمەوە، گۆڕانكاری زۆر روویداوە. جاران كە گەنج بووم، بەوە راهاتبووم راستەوخۆ بنووسم‌و لەبەری نوسخە ئەسڵییەكە بگرمەوەو دواتر پێیدا بچمەوە، بەڵام ئێستا لەكاتی تایپ كردندا دێر بەدێری نووسینەكان هەڵەچن دەكەم، بەشێوەیەك كە لە كۆتایی رۆژدا دەبینم لاپەڕەیەكی ئامادەو تەواو





هەیە كە خاڵییە لە سڕینەوەو هەڵەو حازرە بۆ چاپ.

**ئەی كاغەز زۆر دەدڕیت؟**

رێژەیەكی زۆر

**ئایا بەردەوام بە ئامێری تایپ كردن دەنووسیت؟**

بەڵێ بە بەردەوامی لەسەر ئامێری تایپی كارەبایی دەنووسم، هەركاتێك هەڵە دەكەم یان وشەیەكم بەدڵ نابێت یاخود لە تایپدا هەڵەدەكەم، تووشی جۆرێك لە وەسواس دەبم كەناچارم دەكات كاغەزەكە دەربكەم‌و دانەیەكی نوێی بخەمنە سەر. رەنگە بۆنووسینەوەی چیرۆكێكی دوانزە دێڕیی، پێنجسەد كاغەز خەسار بكەم، ئەمەش مانای ئەوەیە كە نەمتوانیوە بەسەر ئەو بیرۆكە شێتەدا زاڵ بم كە هەڵەكردن لە تایپدا بە هەڵەكردن لە پرۆسەی ئەفراندن دا دەبینێت.

**زۆرێك لە نووسەران هەستیارن بەرامبەر بە ئامێری تایپی كارەبایی، ئایا تۆ وانیت؟**

نەخێر، من شەیدای ئامێری تایپی كارەباییم بەشێوەیەك لە ئێستادا رەنگە نەتوانم بە شێوەیەكی دیكە بنووسم. بەگشتی پێموایە تۆ دەتوانی باشتر بنووسیت كاتێك هەموو بارودۆخەكان بۆت لەبار بن، بڕوام بەو ئەفسانە رۆمانسیە نییە كەوایدەبینێت نووسەر پێش ئەوەی بتوانێت دەست بە بەرهەم بكات، دەبێت برسێتی بچێژێت‌و رووبەرووی خراپترین بارودۆخ ببێتەوە. تۆ دەتوانی بەشێوەیەكی





باشتر بنووسیت ئەگەر ژەمێكی باشت خواردو ئامێری تایپی كارەبایش لەژێر دەستدا بوو!

**لە چاوپێكەوتنەكاندا، زۆر كەم لەبارەی ئەو كتێبانەوە دەدوێت كە لە قۆناغی ئامادەكردندان، بۆچی؟**

چونكە ئەوانە پەیوەستن بە ژیانی تایبەتیمەوە. لە راسیتدا بەزەیم بەو نووسەرانەدا دێتەوە كەلە چاوپێكەوتنەكاندا باسی هێڵەكانی بونیادی رۆمانەكانی داهاتوویان دەكەن، ئەمە ئاماژەیەكە بۆ ئەوەی كە كارەكانیان بە باشی بەڕێوەناچێت، ئەوانە زیان بەخۆیان دەگەیەنن كاتێك بۆ رۆژنامەكان باس لەو كێشانە دەكەن كە نەیانتوانیوە لە رۆمانەكانیاندا بەسەریدا زاڵ بن.

**بەڵام پێدەچێت ئەو رۆمانەی كەدەینووسی، لەگەڵ هاوڕێ نزیكەكانتدا باسی بكەی؟**

بەڵێ، لەراستیدا ئەوانیش دەخەمە چوارچێوەی ئیشەكەمەوە. هەركاتێك شتێك بنووسم زۆر لەبارەیەوە دەدوێم، ئەمەش رێگەیەكە بۆ دەرخستنی ئەو شوێنەی كەلەسەری وەستاوم ئایا زەوییەكی تۆكمەیە یان لمێكی جولاّو؟ ئەمە شێوازێكە بۆ دۆزینەوەی رێگایەك لەنێو تاریكیدا.

**زۆر لەبارەی رۆمانەكانتەوە بۆ برادەرانت باس دەكەی، بەڵام رێگەیان پێنادەی ئەوەی كە دەینووسی بخوێننەوە؟**





هەرگیز، ئەمە وەكو ئەفسانەی لێهاتووە، چونكە لە راستیدا پێموایە نووسەران بەردەوام تەنیان، وەكو كەشتیوانی كەشتییەكی تێكشكاو لە ناوەڕاستی زەریایەكدا. ئەمە یەكێكە لە دیارترین ئەو پیشە تاك‌و فەردییانەی لە جیهاندا هەیە، هیچ كەسێك ناتوانێت یارمەتیت بدات بۆ نووسینی ئەوەی كە دەینووسی.

**بەرای تۆ باشترین شوێنی نمونەیی بۆ نووسین كامەیە؟**

زۆرجار لەمەو پێش وتوومە: دوورگەیەكی چۆڵكراو لە بەیانیانداو شارێكی گەورە لە شەواندا.

بەیانیان پێویستم بە بێدەنگیی هەیە، لەئێوارانیشدا پێویستم بە تۆزێك شەراب هەیە لەگەڵ هاوڕێكانمدا بۆ دەمەتەقێ‌و راگۆڕینەوە. پێویستم بەوە هەیە كە بەردەوام پەیوەندیم بە خەڵكیەوە هەبێت‌و بزانم چی لە دونیا دەگوزەرێت. ئەم قسەیە رێك لەگەڵ ئەوەی **ولیەم فۆكنەر** دا دێتەوە كە وتوویەتی گونجاوترین شوێن بۆ نووسەران باڕە، چونكە لە بەیانیاندا تەواو هێمنە، بەڵام لە ئێواراندا رەوشەكە دەگۆڕێت.

**بوار بدە ئێستا باسی لایەنی پیشەگەریی بكەین لە نووسیندا. دەكرێت پێمان بڵێیت بەنیسبەت تۆوە كێ پشت‌و هاوكاری گەورەت بووە لە میانی فێربوونی ئەم پیشەیەدا؟**

داپیرەم هاوكاری یەكەم‌و سەرەكیم بووە، هەمیشە راهاتبوو بەبێ

تێکچوونو وەکو ئەوەی بۆ یەکەمجار بینیونی، هەموو ئەو شتانەم بۆ بگێڕێتەوە کە زۆر زبرو قووڵ بوون. بۆم دەرکەوتووە شێوازە هێمنەکەیو ئەو دەوڵەمەندییەی کە لەوێنەدا هەیبووە وایانکردووە چیرۆکەکانی تاڕادەیەکی زۆر گونجاترو مەعقول بن، منیش ئەو شێوازەی داپیرەم لە "سەد ساڵ لە تەنیایی" دا بەکارهێناوە.

**ئایا لە ڕێگەی داپیرەتەوە بۆت ئاشکرا بوو کە دەبیتە ڕۆماننووس؟**

نەخێر، بەڵکو لە ڕێگەی **کافکاوە**، چونکە شتەکانی وەك ئەوەی داپیرەم پێی ڕاهاتبوو دەگێڕایەوە بەڵام بە زمانی ئەڵمانی. کاتێك لە حەڤدە ساڵییدا چیرۆکی "شێواو= مسخ"م خوێندەوە، بۆم دەرکەوت دەبم بە ڕۆماننوس، پاش ئەوەی بینیم کە چۆن **گریگۆری سامسا** بەیانیانێك هەڵدەستێتو دەبینێت بووە بە قالۆنچە، بەخۆمم وت: "نەمزانیوە کە دەتوانی ئەم کارە بکەی، بەڵام مادام دەتوانم، ئەوا بەدڵنیاییەوە گرنگی بە نووسین دەدەم".

**بۆچی بەم بەهێزییە چیرۆکەکەی کافکا بووە جێی بایەخت؟ ئایا ئازادیی لە ئەفراندنی هەر شتێك کە بتەوێت سەرەنجی ڕاکێشایت؟**

بەکتوپڕی بۆم دەرکەوت کە شێوازی دیکەی نووسینی ئەدەبیی هەیە جگە لەو شێوازە عەقلانیو ئەکادیمیانەی کە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی ناوەندی دا پێی ئاشنا بووبووم، ئەمە وەك ڕزگاربوونێك بوو لە پشتێنەیەکی ڕزیو. لەگەڵ ئەمەشداو بەتێپەڕینی ساڵان بۆم دەرکەوت کە ناتوانیت هەموو شتێك بئافرێنی یان وێنا بکەی وەك





ئەوەی دەتەوێت، چونکە لەمحاڵەدا تۆ سەرکێشی بە نە وتنی ڕاستییەوە دەکەی، هەروەك درۆ زۆر مەترسیدارترە لە ئەدەب دا وەك لە ژیانی ئاسایی، تەنانەت پرۆسەی ئەفراندیش کە پێدەچێت زۆر پێویستی بە هۆکارو لێێپێچینەوە نەبێت، ئەویش بۆخۆی بنەمای تایبەت بەخۆی هەیە، کەواتا دەتوانی لە عەقلانیەت لابدەی بەمەرجێك نەکەویتە نێو فەوزاو ناماقوولییەکی سەراپاگیر.

**واتا نەکەویتە ناو فانتازیا؟**

بەڵێ فانتازیا

**تۆ زۆر ڕقت لە فانتازیایە، بۆچی؟**

چونکە من باوەڕم وایە خەیاڵو وێناکردن جگە لە ئامرازێك بۆ گەڵاڵەکردنی واقیع چی دیکە نین، هەروەك واقیع بەردەوام چاوگی ئەفراندنەو هەر ئەویشە تاسەر دەمێنێتەوە.فانتازیا بەمانای ئەفراندن بەبێ هیچ بنەماو مەرجێك لەسەر شێوازی " واڵت دیزنی"، ترسناك ترین شتە.بیرم دێت جارێك کە گرنگیم بە نووسینی کتێبی تایبەت بە چیرۆکی منالآن دەدا، ڕەشنووسی چیرۆکێکم بۆ ناردی بەناوی "دەریای زەمەنی ونبوو"، تۆش بە ڕاشکاوییە هەمیشەییەکەت پێت وتم کە لات جوان نەبووە، تۆ پێت وابوو کێشەکە ئەوەیە کە خۆت حەز بە چیرۆکی فانتازی ناکەی، بەڵام بەهانەکەت بەهێز بوو چونکە منالآنیش حەزی پێناکەن، بەڵکو ئەوەی کە حەزیان لێیە، خەیاڵە، جیاوازیش لەنێوان هەردوو





شێوازەکە، وەك جیاوازی نێوان گیانەوەرێکی ئادەمییو لەیستۆکەیەکە کە لە ورگییەوە قسان دەکات.

**جگە لە کافکا، نووسەرانی دیکە کێن کە سوودت لێبینین بۆ گەشەدان بە پیشەکەتو فێربوونی هونەرەکانی هەمەنگوای بەڵام ئەوە هەمەنگوای نییە کە بە ڕۆماننوسێکی مەزنی نازانیت؟**

بەڵێ من بە ڕۆماننووسێکی مەزنی نازانم، لێ کورتەچیرۆك نووسێکی نایابە.ئەو ئامۆژگارییەی کە **هەمەنگوای** وتوویەتی، بریتیە لەوەی کە کورتە چیرۆك وەك چیایەکی سەهۆڵینە، پێویستە بەشێکی نەبینراوی لەپشتەوە بێت کە کورتکراوەی هەمووبیرۆکەو لێکۆڵینەوەو مەوادە کۆکراوەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردێت.بەڵێ هەمەنگوای زۆشتمان فێردەکات، فێرمان دەکات چۆن نرخی ئەو شێوازە بگرین کە بەهۆیەوە پشیلەیەك دەتوانێت سەرەڕای بەرتەسککردنەوەی ئابلۆقەدانی، خۆی دەرباز بکات.

**جارێکیان باسمان لەوە کرد کە "گرین"یش هەندێك شتی فێر کردووی؟**

بەڵێ، **گراهام گرین** فێری کردم چۆن کۆدی ناوچە خولگەییەکان بدۆزمەوە.ئێمە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی کێشەو ئاڵۆزی دەبینەوە لە وەلانانی ژانرە سەرەکییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێسایەکی شیعریی لە ژینگەیەکدا کە بەباشی دەیناسین.کێشەکە ئەوەیە کە تۆ سەرەڕای





ئەو هەموو شتەی کە هەتە بۆ ئەوەی بیڵێیت، بەڵام نازانیت لەکوێوە دەستپێبکەیت، هەربۆیە لە کۆتاییشدا هیچ نازانیت.ئەمە کێشەی من بوو لە ناوچە خولگەیییەکاندا، من زۆر بە بایەخەوە نووسینەکانی **کریستۆڤەر کۆڵۆمبس**، **بیگافیتاو** مێژوونووسانی دیکەی دورگەی هیندی ڕۆژئاوام دەخوێندەوەو بیرۆکە ئەسڵیەکانیانم لەبەرچاو دەگرت، هەروەها **سالجاری**و **کۆنرادو** نووسەرانی دیکەی ئەمریکای لاتین لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا خوێندووەتەوە کە بە شێوەیەکی هاوچەرخانە لە شتەکانیان دەڕوانی، هەروەها نووسەرانی دیکەشم خوێندووەتەوە، بەڵام بەردەوام وامدەبینی کە ماوەیەکی زۆر لەنێوان ڕوانینی ئەوانو واقیعدا هەیە، هەندێکیان کەوتبووە داوی ژماردنی شتەکان، یەکێك لەو موفارەقانەش ئەوەیە کە هەرچەند لیستی ژماردنی شتەکان درێژ بووبێتەوە، ڕوانینەکانیان سنووردار تر دەبنەوە. هەندێکی دیکەشیان وەك دەزانین بوونە قۆچی قوربانی لە زیادەڕۆیی کردندا لە ڕەوانبێژی.**گراهام گرین** بەشێوەیەکی زۆر پێکەوە بەستراو چارەسەری ئەم مەسەلانەی کرد، کاتێك بەشێوەیەکی لۆژیکیو واقیعیی، ژانرە جیاوازەکانی پێکەوە گرێدا، بەم شێوازە دەتوانیت جیهانی خولەگە ئیستوایییە نادیارەکان کورت بکەیتەوە بۆ بەرامەی گواڤایەکی گەنیو.

**بیرت دێت هیچ ئامۆژگارییەکی دیکەت وەرگرتبێت؟**

وتەیەکی نووسەری دۆمینیکنی **جوان بوش**م لەبیرە کەلە کاراکاس پێش ٢٥ساڵ وتوویەتی، دەڵێت: دەبێت نووسەر پیشەی نووسین، وەکو لایەنی تەکنیکی، شێوازی بونیادو پێکهاتەی تۆکمەو ورد، لە سەردەمی لاوییدا فێربێت، چونکە ئێمەی نووسەر وەکو "تووتی" واین، ناتوانین کاتێك لە تەمەندا گەورەدەبین هیچی دیکە فێر بین.

**ئایا رۆژنامەوانیی لە پیشەی ئەدەبیت دا یارمەتی دەرت بووە؟**

بەڵێ، بەڵام بەبێ ئەوەی وام لێبکات فێری بەکارهێنانی زمانی زۆر کاریگەرتر بم وەك هەندێك کەس دەیڵێن.رۆژنامەوانیی فێری ئەوەی کردم کە چۆن رەسەنێتیو راستیی بدەمە چیرۆکەکانم.بتوانم بەرگێکی سپی جوان بکەمە بەر **ریمیدیوس** بۆ ئەوەی بەرزبێتەوە بۆ ئاسمانو، کوپێك شیکۆلاتە "شیکۆلاتەو هیچ خواردنەوەیەکی دیکە نا" بدەمە **بابە نیکانور رینا** پێش ئەوەی شەش پەنجە لە زەوی بەرزبێتەوە، ئەمانە لەیەك کاتدا چەند فێڵێکی زۆر بەسوودو رۆژنامەوانیشن بەمانای وشە.

**تۆ بەردەوام لە هۆگرانی بینینی سینەماو سەردانی سینەماخانەکان بوویت، ئایا دەشێت سینەما شێوازی بەسوود بداتە نووسەر؟**

لەراستییدا نازانم، بەنسبەت خۆمەوە، سینەما لەیەك کاتدا بەسوودو رێگریش بووە. ئەوەی کە لێیەوە فێر بووم، بریتی بوو





لەوەی چۆن بیر لە وێنە بکەمەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەست بە حەماسێکی زیادەڕۆ دەکەم.

**دیارە مەبەستت لە رۆمانی "کۆلۆنیۆلێك کەس شك نابات بۆی بنووسێت"ە؟**

بەڵێ، ئەوە رۆمانێکە کە لە رووی شێوازەوە لامداوە بەرەو لای سیناریۆی سینەمایی، چونکە کەسایەتییەکان بەشێوەیەك دەجووڵێن وەك ئەوەی کامێرا بەدوایانەوە بێت، هەرکاتێکیش سەرلەنوێ کتێبەکە دەخوێنمەوە، کامێرا بەدیی دەکەم.ئێستا وایدەبینم کە رێگاچارەسەرەکانی ئەدەب تەواو جیاوازە لە هی سینەما.

**بۆچی گرنگی زۆر بە گفتوگۆ نادەیت لە کتێبەکانت دا؟**

چونکە گفتوگۆ بە زمانی ئیسپانی شێوازێکی نمونەیی نییە.هەمیشە وتوومە لەم زمانەدا بۆشاییەکی زۆر هەیە لەنێوان گفتوگۆی ئاسایی رۆژانەو هی نووسراو، ئەو گفتوگۆ ئیسپانییەی کە لە ژیانی واقیعییدا بەکاردێت، وەك پێویست بۆ ئەوە دەستنادات کە لە رۆماندا بەکاربهێنرێت، هەربۆیە زۆر بەکەمی بەکاری دێنین.

**ئایا پێش ئەوەی دەست بە نووسینی رۆمانەکەت بکەیت، بە وردی دەزانیت چی بەسەر هەر کەسایەتییەك دێت؟**

تەنها بەشێوەیەکی زۆر گشتی، بەڵام لە هێڵی کتێبەکەدا شتی چاوەڕوان نەکراو روودەدات. ئەو بیرۆکە سەرەتاییەی کەلەبارەی "کۆلۆنیۆل ئۆریلیانۆ" گەڵاڵەم کرد، بریتیی بوو لەوەی کە لە





جەنگاوەرە کۆنەکانی سەردەمی جەنگی ناوخۆییە، لەکاتێکدا لەژێر دارێکدا میز دەکات دەمرێت.

**مارسیدس "ژنەکەی مارکیز... و-ك" پێی وتم کە زۆر خەمت خواردووە کاتێك مردووە؟**

بەڵێ، دەمزانی کە لە خاڵێکی دیارییکراودا ناچار دەبم بیکوژم، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەدەکرد. کۆلۆنیۆل پیاوێکی پیر بوو، لەئێوارەی یەکێك لە رۆژەکاندا، بەخۆمم وت"بەشی خۆی ژیا"، دەبوو بیکوژم.کاتێك ئەو بەشەی کتێبەکەم تەواو کرد، چوومە لای مارسیدس لە قاتی سەرەوەی خانوەکەمانو گیانیشم هەموو دەلەرزی، مارسیدس هەر کە روخساری بینیم پێی وتم"کۆلۆنیۆڵ مرد"، منیش خزامە نێو جێگەکەمو بەدرێژایی دوو سەعات گریام.

**سرووش یان ئیلهام لەلای تۆ چیی دەگەیەنێت؟ ئایا بوونی هەیە؟**

سرووش وشەیەکە کە رۆمانسیەکان گومانیان لێبووە.من واینابینم کە سرووش خێر یان خەڵاتێك بێت لە ئاسمانەوە، بەڵکو بریتییە لە ساتێك کە لەگەڵ بابەتەکەدا یەك دەگرێت لەرێگەی گرتنو کۆنترۆڵ کردنەوە.کاتێك دەتەوێت شتێك بنووسیت، جۆرێك لە دڵەڕاوکێ لەنێوان تۆ و بابەتەکەدا دروست دەبێت، هەربۆیە تۆ بابەتەکە پێیەك دەبەیتە پێشەوەو ئەویش بەهەمانشێوە پاڵ بەتۆوە دەنێت، ئینجا چرکەساتێك دێت کە گشت رێگرییو کۆسپو ململانێکان





لەبەین دەچنو نووسینیش دەبێتە باشترین شتی دونیا، ئەمەیە کە من بە سرووش-ی ناو دەبەم.

**ئایا ئەم گونجانەی کە باست کرد، لە نووسینەوەی هیچکام لە رۆمانەکانت دا، لە دەست دەدەی؟**

بەڵی، لەم حاڵەشدا جارێکی دیکە دەست دەکەم بە بیرکردنەوە لە سەرەتاوە، یان لەم ساتانەدا دەست دەدەمە دەرنەفیزێکو برغوە شلەوەبووەکان یان سوچپلاکی گلۆپەکان توند دەکەمەوە یان دەرگاکان بە رەنگی سەوز بۆیە دەکەم، چونکە ئەم کارە دەستیانە هەندێکجار هاوکارمن بۆ زاڵ بوون بەسەر ترس لە واقیع دا.

**باشە کێشەکە لە کوێدایە؟**

لە بونیاد دایە.

**دەشێت هەندێکجار ببێتە کێشەیەکی مەترسیدار؟**

هەندێکجار دەبێتە کێشەیەکی زۆر مەترسیدار بەشکلێك کە ناچارم دەکات لەسەرەتاوە دەست پێبکەمەوە.لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە مەکسیك لە نووسینەوەی رۆمانی "پایزی باتریارك" وەستام، ئەمەش پاش ئەوەی نزیکەی سێسەد پەڕەم تەواو کردبوو، ئەو تاکە شتەش کە دواتر لە رۆمانەکەدا وەکخۆی مایەوە، بەتەنها ناوی کاراکتەری سەرەکی بوو.

جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٦٨ دا لە بەرشەلۆنە دەستم بە نووسینی

رۆمانێك كرد، بەڵام دوای شەش مانگ لە نووسینەوە دەستبەرداری بووم، چونكە نەمتوانی كۆنترۆڵی چەند لایەنێكی ئەخلاقیی دیاریكراو بكەم لە كەسایەتی سەرەكیی، كە دیكتاتۆرێكی پیر بوو. پاش نزیكەی دوو ساڵ، كتێبێكم لەبارەی راو لە ئەفریقیا كڕی ئەویش بەوهۆیەی كە گرنگیم بەو پێشەكییە دەدا كە **هەمەنگوای** بۆ كتێبەكە نووسیبوی، گەرچی پێشەكیەكەش هێندە گرنگ نەبوو، بەڵام من بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی كتێبەكە تا بەشێكی تەواوم لەبارەی فیلەوە خوێندەوە، لەوەوە گەیشتمە چارەسەرێك بۆ رۆمانەكەم، چونكە هەندێك خوو و نەریتی فیل هەیە كە بەهی دیكتاتۆرەكان دەچن و لەرێگەی ئەو خوو و نەریتانەوە دەتوانیت رەفتاری دیكتاتۆرەكان شیببكەیتەوە.

**جگە لە كێشەی بونیادو دەروونی كاراكتەری سەرەكیی، ئایا رووبەرووی كێشەی دیكە بوویتەوە؟**

بەڵێ، ساتێكی دیكە هەبوو كە شتێكی مەترسیدارم بۆ دەركەوت، ئەویش ئەوەبوو كە نەمدەتوانی وابكەم لە رۆمانەكەدا، كەشوهەوا وەكپێویست گەرم بێت، ئەمەش حاڵەتێكی مەترسیدار بوو، چونكە رروداوی رۆمانەكە لە شارێكی كاریبیی دا دەگوزەرا كەشوهەواكەی بەشێوەیەك گەرمە كە باوەڕ ناكرێت.

**چۆن لەم كۆسپە خۆت قوتار كرد؟**

تاكە چارەم ئەوەبوو كە لەگەڵ هەموو خێزانەكەمدا لە كاریبیی





نیشتەجێ بین، ئەوەبوو بۆ ماوەی نزیكەی ساڵێك لەوێ مامەوە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بكەم.كاتێك گەڕامەوە بۆ بەرشەلۆنە كە رۆمانەكەم تیا نووسی، هەندێك رووەكم چاند كە هەندێك بۆنی پێدامو لەكۆتایشدا سەركەوتم لە گواستنەوەی گەرمای شارێكی خولگەیی بۆ خوێنەر.

**چی روودەدات كاتێك لە نووسینەوەی رۆمانێك دەبیتەوە؟**

بەتەواوی خەیاڵی لێدەبڕم، رۆمانەكە هەروەك هەمەنگوای وتویەتی، وەكو شێری مردووی لێ دێت.

**وتوتە كە رۆمانی باش چی دیكە نییە جگە لە گواستنەوەیەكی شیعریانەی واقیع، دەكرێت ئەم قسەیەمان بۆ شیی بكەیتەوە؟**

بەڵێ پێموایە كە رۆمان وەكو واقیع وایە لەگەڵ بونی هەندێك كۆدی نهێنی دا، جۆرێك لوغزە لەبارەی جیهانەوە. ئەو واقیعەی كە لە رۆماندا مامەڵەی لەتەكدا دەكەیت جیاوازە لە ژیانی ئاسایی، گەرچی ریشەشیان یەكە، ئەم قسەیە بۆ خەونیش هەروایە.

**ئەو شێوازەی كە لە رۆمانەكانتدا بەهۆیەوە مامەڵە لەتەك واقیعدا دەكەیت بۆنمونە لە "سەد ساڵ لە تەنیایی" و "پایزی باتریارك"، ناوی "واقیعی سیحراویی" بەسەردا براوە، هەستدەكەم كە خوێنەرە ئۆروپیەكانت دەزانن سیحر لە چیرۆكەكانت دا بوونی هەیە، لێ درك بەو واقیعە ناكەن كە لە پشتیەوەیە...**

بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە عەقلانیەتەكەیان رێیان





پێنادات كە ببینن واقیع بەتەنها لە نرخی تەماتەو هێلكەدا كورت نەبووەتەوە. ژیانی رۆژانەی ئەمریكای لاتین، دەیسەلمێنێت كە واقیع پڕە لە شتی ناسروشتی، لەمبارەشەوە پشت بە دۆزەرەوەی ئەمریكی "**ف.و.دی گراڤ**" دەبەستم كە لە كۆتایی سەدەی رابردوودا "مەبەستی سەدەی نۆزدەیە و.ك" هەستاوە بە ئەنجامدانی گەشتێكی سەرسوڕهێنەر بەنێو جەنگەڵی ئەمازۆن دا، لەنێو ئەو شتانەی كە بینویەتی، روبارێك ئاوی كوڵاوە، هەروەك شوێنێكی بینیوە كە تیایدا دەنگی مرۆڤ دەبێتە هۆی داباریني بارانێكی بەخوڕ. لە **كۆمۆدۆر** و **ریڤادافیا**، لە هەرە باشوری ئەرجەنتین، بای جەمسەری باشوور، سێركێكی بە تەواوی نغرۆ كرد، بۆ بەیانیەكەی راوچیەكان بە تۆڕەكانیان، تەرمی بۆگەن و زەڕافەیان راو كرد. لە "**پرسەی دایە گەورە**" دا، چیرۆكی گەشتێكی "پاپا"م گێڕایەوە بۆ گوندێكی كۆلۆمبیا كە ناتوانرێت خەیاڵی لێبكرێت، بیرم دێت لە چیرۆكەكەدا بەوشێوەیە وەسفی سەرۆكم كردبوو لە پێشوازی پاپا دا، كە پیاوێكی كەچەڵی قەڵەو بوو، بۆ ئەوەی نەیچوێنم بە سەرۆكی ئەو كاتە كە باریكەڵەیەكی درێژ بوو، بەڵام دوای ١٥ ساڵ لە نووسینی ئەو چیرۆكە، پاپا چووە كۆلۆمبیاو ئەو سەرۆكەی كەپێشوازی لێكرد، وەك من لە چیرۆكەكەمدا وەسفم كردبوو، كەچەڵو قەڵەو بوو. پاش نووسینەوەی **سەد ساڵ لە تەنیایی**، گەنجێك لە بارانكیلا وتبووی





گوایە كلكێكی وەك بەرازی هەبووە. بەتەنها بەنێو رۆژنامەكاندا بگەڕێ بەسە بۆ ئەوەی بزانیت كە رۆژانە شتی نا ئاساییمان لێ روودەدات. زۆر كەسی ئاسایی دەناسم كە **سەد ساڵ لە تەنیایی**یان خوێندۆتەوە بە گرنگییو خۆشیەكی زۆرەوە، بەڵام بێ ئەوەی هەست بە هیچ موفاجەئەیەك بكەن، چونكە هەموو ئەوانەی كە من باسم كردوەو بۆم گێڕاونەتەوە، شتێك نەبووە جیاواز لەوەی تیای دەژین.

**كەواتا هەمو شتێك كە لە رۆمانەكانتدا بەكاریان دێنیت، بنەمایەكی واقیعیان هەیە؟**

یەك دێڕ لە رۆمانەكانمدا نییە كە لەسەر بنەمای واقیع نەنووسرابێت

**ئایا دڵنیایت؟ چونكە هەندێك شتی زۆر سەیر و نامۆ لە " سەد ساڵ لە تەنیایی " روودەدەن، ریمۆدیسی جوانكیلە دەفڕێت بۆ ئاسمان، پەپولەی زەرد بەدەوری مۆریسیۆ بابیلۆنیاوە...**

**هەموو ئەمانە واقیعینو لەسەر بنەمای واقیع نووسراون بۆنمونە...؟**

بۆنمونە، **مۆریسیۆ بابیلۆنیا**، كاتێك لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بووم، كارەباچیەك هات بۆ ماڵمان لە ئاراكاتاكا، ئەو رووداوەم چاك لەبیرە، چونكە زۆر شەیدای ئەو پشتێنە چەرمە بووم كە

کارەباچییەکە خۆی پێوە دەبەست بۆئەوەی نەکەوێت، چەند جارێك ئەو کارەباچیە هات، جارێکیان هاتو داپیرەم بە گسکێك دەیویست پەپولە بەدەرنا، دەیوت" هەرجارێك ئەم پیاوە دێت بۆ ماڵمان، ئەم پەپوولە زەردانە دوای دەکەون".ئەوەش "مۆریسیۆ بابیلۆنیا" بوو لەحاڵەتە فریشتەییەکەیدا.

**ئەی چی لەبارەی ریمۆدیسی جوانکیلەوە دەڵێی؟ چی وای لێکردی بیر لەوە بکەیت بۆ ئاسمانی سەرخەیت؟**

لەسەرتاوە وام دانابوو کە لەوکاتەدا کەلەگەڵ **ریبیکاو ئامارانتا** خەریکی چنینە لەماڵەوە، لەپڕ بزر ببێت، بەڵام ئەم فێڵ و حیلە سینەماییە شیاوی جێبەجێکردن نەبوو. بەردەوام ریمیدۆس لەبەردەمم بوو، ئەوجا بیرم کردەوە کە سەریخەم بۆ ئاسمان بە روحو جەستە، بالآم ئەو واقیعەی کە لەپشت ئەم مەسەلەیەوە بوو، ئەوەبوو کە ژنێك پاش ئەوەی کوڕەزاکەی لە سەعاتەکانی بەرەبەیاندا لەماڵ هەڵهاتووە، بڕیاری دا راستیەکە بشارێتەوە بەوەی کە بۆ ئاسمان سەرکەوتووە.

**لە وتارێکدا ئەوەت روونکردبووەوە کە پرۆسەی سەرخستنەکەی زۆر قورس بووە؟**

بەڵێ، چونکە نەدەکرا بە باڵەوە بفڕێت، زۆر پەرۆشی ئەوەبووم کە رێگەیەك بدۆزمەوە بەهۆیەوە بفڕێت، رۆژێکیان کاتێك بیرم لەم کێشەیە دەکردەوە، چوومە دەرەوە بۆ باخچەکە، دەرەوە بایەکی





بەهێزی هەبوو، ژنێکی رەشپێستی جوان، تازە لە شتنی جولەبەرگو چەرچەف بوویەوەو دەیویست هەڵیانخات، بەڵام بەهۆی باکەوە نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، لەوەوە بیرۆکەکەیەکی سەرکەوتووم بۆهات، بەخۆمم وت"دۆزیمەوە"، ریمیدۆسی جوانکیلە پێویستی بە پرۆو چەرچەف هەبوو بۆ ئەوەی سەرکەوێت بۆ ئاسمان، لەم حاڵەشدا چەرچەف ژانرێکی واقیعی دەبێت. کاتێك گەڕامەوە بۆ سەر ئامێری تایپەکەم، دەبینم ریمیدۆسی جوانکیلە بەبێ هیچ قورساییەك هەر بەرزو بەرزتر دەبێتەوە.

سەرچاوە:
غابريل غارسيا ماركيز
رائحة الجوافة
حوارات: بيلينيو ابوليو مندوزا
ترجمة: فكري بكر محمود
دار منارات للنشر
عمان - الاردن
١٩٨٩





# خەمی زمان

●●●● لەتیف فاتیح فەرەج ●●●●

هەموو جارێ، کە نێوی ئیبراهیم ئەمینی باڵدار دەبیستم، تەواوێك هەڵوەستە دەکەم و لە خۆم دەپرسم، گەلۆ ئەو دارایەی دوو دارە دوور دوورەکەی باڵداری دی، داخوا هەرگیز بیری لەوە کردبووەوە رۆژێ لە رۆژان کەسانێك بەنێوی ئازادی یەوە بێت و بەربنە وێزەی دۆی دادە و بەبێ هۆیەکی روون بیرێژن؟ باڵدار درێژکراوەی خەون و خولیاکانی خانی و حاجی قادر و ئەسیرییە، بەڵام ئەم زمانی لەنێو دیوانی شیعرەوە گواستەوە بۆ نێو دڵی منالآنی کورد، ئەو بۆق و چێڵ و نفیشك و ماستی بردە هەموو ماڵێکەوە و ئەلف و بێیەکی کوردی پیرۆز وەکو کتێبە پیرۆزە ئاسمانیەکانی بۆ یەکخستنی کوردان نووسی. باڵدار بە شێوازێك ئەلف و بێی سادە و ساکار و پڕ ماناکەی نووسی، کە کەس( من، من) نەکات و زمانی کوردیش لەنێو ئەو دڕك و داڵی سەرە رێیەدا باڵا بکات. بەعس بە هەموو کینەی خۆی هەوڵی دا زمانی کوردی شەت و پەت و پارچە پارچە بکات و بزاڤ و ئاسۆی





بۆ تێکشکانی ئەو زمانە خستە گەڕ، باڵدار بە تاقی تەنها بە چەکی پڕ گوڵی ئەلف و بێیەکەیەوە کۆی ئەو هەوڵانەی نەزۆك کرد، کەچی پاش راپەڕین خۆمان پاچ و بێڵمان لەو زمانە هەڵگرتووە، کە رەوان شادان شکور مستەفا و سەجادی و باڵدار و پیرەمێرد و نالی و سالم و کوردی و ... هتد ، بە خوێن و شەونخونی خۆیان پاراستیان. ئەم دۆخە ئەوە دەخوازێت خەمخۆرانی ئەو زمانەی، کە تەنیا هۆی مانەوەمان بووە بێنە دەنگ و لێی نەگەڕێن و دەوڵەمەندی زمانەکەمان ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی، بالەوەدا لانی کەم چاو لە عەرەبی دراوسێی ماڵ و چاوباشقاڵی سەرخاك و ئاوی کوردان بکەین، کە زمانەکەیان وەکو چاوێك دەپارێزن. ئێمە بۆ کناو کناچەو دوێتە و کەنیشك و کیژ و کچ و کچۆڵە، دەبێ بیر لە فەرهەنگی نەتەوەیی بکەینەوە و چاو لە رەسوڵ هەمزاتۆف بکەین چلۆن لە خزمەتی داغستاندایە و لە ئامۆژگارییەکانی نوام چۆمسکی پەندی ئەوە وەربگرین کە زمان هۆی مانەوە و نەفەوتانە. دەبێ بە رێز و پێز و پێزانینەوە بۆ خاوەن هاوفەرهەنگانی هاوشێوەی هەژار و مامۆستا جەماڵ عەبدول و ئەوانی دیکە دەست لە سەر سنگ بوەستین و زمانەکەمان لە خۆمان خۆشتر بوویت لەبەر ئەوەی:

**کەس بە ئەلفازم نەڵی خۆ کوردیە خۆ کردییە**
**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا**

# لاسارییەکانی منداڵیی و کاریگەری لەسەر یاخیبوونە شیعرییەکانی "لەتیف هەڵمەت"

فریاد محەمەد
xaki88@yahoo.com







هەڵمەت هەر لە منداڵییەوە کەسێکی لاسارو نارەحەت بووەو بەردەوام بە هاریو سەرەڕۆییەکانی ناسراوە، ئەمەش وای کردووە زۆرجار تووشی سەرزەنشتو شکاندنەوە ببێتەوە لە لایەن ماڵەوەیان، بەڵام بەو پێیەی کە کوڕی تاقانەی ماڵەوە بووە کەمتر لێیدراوەو زیاتر نازی دراوەتێ.

ئەگەر بمانەوێت شیکارو دەستنیشانی حاڵەتی سەرەڕۆییو یاخیبوونی منداڵ بکەین، دەبێت پەنابەبەین بۆ زانستی دەروونناسی، بۆ ئەوەی زانستییانە لە هۆکارو دەرئەنجامەکانی ئەم سەرەڕۆییو یاخیبوونانە تێبگەین. (د.کەریم شەریف قەرەچەتانی) لە کتێبی (سایکۆلۆژیای منداڵ)دا تەنها دیوە خراپو ناشیرینەکانی یاخیبوون دەناسێنێتو لەم ڕووانگەیەوە یاخیبوونی منداڵ دەکات بە سێ جۆرەوە:

" ١. بەرگری نەگەتیڤانە.
٢. بەرەنگاربوونەوەی بەڕواڵەت.
٣. یاخیبوونی پڕ لە ڕقو کینە"[١]

ڕاستە ئەمجۆرە یاخیبوونانە زۆرجار منداڵ بەرەو هەڵدێرو سەرەڕۆیی دەبەن، بەڵام لەگەڵ ئەمجۆرە یاخیبوونانەدا یاخیبوونی تری منداڵمان هەیە، کە چاوەڕوانی ئایندەیەکی باشی لێدەکرێت بۆ پەیبردنی ئەو منداڵە بە (گۆڕانو نوێگەریو داهێنان) لە دوارۆژدا. هەر بۆ نموونە کاتێك منداڵێك هەست بە گەشەی ئاوەزی دەکاتو





دەیەوێت لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێتو خۆی بێت، بەڵام دایكو باوك یاخود دەوروبەری بەهۆی سۆزو خۆشەویستی یان هەر شتێکی تری لەو جۆرە دەبن بە ڕێگر لەبەردەم چالاکییەکانی ئەو منداڵەدا، لەم کاتەدا ئەگەر ئەو منداڵە یاخی ببێت، لەو ڕووانگەیەوە نییە، کە منداڵێکی لاسارو گوێنەگر بێت، بەڵکو لەو ڕووانگەوەیە کە ئەم منداڵە مەودای بیرکردنەوەی فراوانترە لەچاو منداڵەکانی تری هاوڕێیداو ئەم جیاوازە لەوانی ترو دەیەوێت لەناو سۆزو ئامۆژگاری دەوروبەردا خۆی ون نەکاتو خۆی بێت نەك کەسێکی تر.

هەڵمەت وەك خۆی باسی دەکات هەر لە منداڵییەوە دوو هەلی باشی بۆ ڕەخساوە:

یەکەم: نازێکی زۆری پێدراوە لە لایەن دایكو خوشکەکانییەوە، بەو پێیەی کە ئەم تاقانە بووە.

دووەم: هەر کە چاوی کردووەتەوە لە ماڵێکی پڕ لە کتێبدا بووەو باوكو باپیری شاعیر بوون "شیعر لە بنەماڵەکەماندا ڕەگی قووڵی هەیە، باپیرم شاعیر بووە، وە باوکم شاعیر بووە، لەمەجلیسەکانیدا گوێم لە شیعری حافزو سەعدیو جەلالەدینی ڕۆمیو نالیو مەحویو... هتد بووە"[٢].

بێگومان ئەو کۆڕو کۆبوونەوانە لە لایەكو شاعیرێتی بنەماڵەکەی لە لایەکی دیکە، وای لە هەڵمەت کردووە هەر لە





منداڵییەوە ئاگاداری شاعیرانی فارسو کوردو دەوروبەری بێتو دۆستایەتی لەگەڵ شیعردا دروست بکات، لەگەڵ ئەمەشدا ناسینی ڕۆشنبیرانو خوێندەوارانی هاوتەمەنی خۆی لە قۆناغی ناوەندیدا دیسان کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ڕۆشنبیریو فراوانبوونی مەودای ڕۆشنبیری هەڵمەتو لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی دنیایەکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات "کەچوومە ناوەندی کۆمەڵێ برادەرم ناسی، لەوانە (ئەمجەد شاکەلی، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، ئەنوەر شێخ ئەحمەد شاکەلی، عەلی عەبدولا) دنیایەکی تازەمان بۆ خۆمان دروستکرد"[٣].

هەڵمەت هەندێکجار لە شیعرەکانیدا باس لە منداڵیی خۆی دەکات، کە چەند بزێو و لاسار بووەو کاریگەری منداڵێتی خۆی لەسەر یاخیبوونی دواتری گەورەبوونو بوونی بە شاعیر ڕوون دەکاتەوە، کە وای لێکردووە شاعیرێکی یاخی بێتو هەروەك منداڵیی ملکەچی ڕێگریو بەربەستییەکانی بەردەمی نەبێتو هەوڵیداوە لەسەر پێی خۆی بووەستێتو سەرلەبەری هیچ کەسو دەسەلاتێك نەبێتو ئازادانە بژی:

**من منالێکی بزووت بووم و**
**ئێستاش شاعیرێکی نارەحەتم ...**
**دەتوانم وەك سمۆرە**

**لە هەموو دارێکی ولآتەکەم دا**
**خۆم بشارمەوەو**
**سەیری هەتاوی سەر لووتکەکان**
**بکەم ...** [٤]

زانستی دەروونناسی ئەوەی سەلماندووە، کە مرۆڤ هەندێك کاریگەری منداڵیی هەیە تا بوونی ئەو مرۆڤە لە ژیاندا ئەو کاریگەرییانەش دەمێنێت، ئیتر ئەو کاریگەرییە شتی چاك بێت وەك ( ڕاستگۆیی، دەستپاکی، چاونەترسی، زیرەکی، ...هتد)، یاخود کاریگەرییەکی خراپی وەك ( درۆ، دزی، ترسنۆکی، دڵەڕاوکێ، ...هتد) بێت. هەر لەمبارەیەوە پەندێکی کوردییش هەیە کە دەڵێت: "خوویەکی گرت بە شیری، تەرکی ناکات بە پیری"[٥].

بێگومان لاسارییەکانی سەردەمی منداڵیی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەسەر یاخیبوونە شیعرییەکانی شاعیر، هەڵمەت خۆی لەم ڕاستییە ناشارێتەوەو لە باسی منداڵیی خۆیدا دەڵێت: "دەنکە شقارتە یان خوێم دەکردە ناوجگەرەکانی باوکمەوە یان جگەرەکانی تەکیەکەمانەوە، کە میوانەکان ئەهاتن بۆ لای باوکم جگەرەیان دائەگیرساند خوێیەکان پریشکیان ئەیا بەدەمو چاویاناو دەنکە شقارتەکانیش ئەتەقینەوە! بەڕاستی ئەمە شتێکی خەتەرناك بوو، لەوانەبوو دەموچاویان بسووتێنێ. ڕەنگە بڵێم ئەمە جۆرێکە لەجۆرەکانی بەزۆری‌و لاسارییەتی شاعیریەتی، چونکە بەلای منەوە





شاعیرێتی یاخیبوونەو ڕەفزکردنی هەموو بۆنەو قەوارەیەکە"[٦]. دەبینین ئەم لاساری‌و بزێوییەی تەمەنی منداڵیی وای لە هەڵمەت کردووە لە سەردەمێکدا، کە خەڵك زۆرجار نەیوێراوە تەنانەت لەژێر پەردەشەوە باس لە نەتەوەو نیشتمانەکەی بکات، ئەم بوێرانەو بەبێ سڵەمینەوە باس لە ئازادی‌و سەربەستی نیشتمانەکەی بکات‌و بڵێت دەتوانم (سەیری هەتاوی سەر لووتکەکان بکەم).

هەڵمەت بە منداڵیی هاروهاج بووەو هەمیشە خەریکی شەڕەبەرد بووە "منداڵێکی هاروهاج‌و لاسار بووم... هەمیشە خەریکی شەڕەبەردبووم"[٧]، **لەپاڵ شەڕەبەردو پەنجەرە شکاندنەکانی تەمەنی منداڵیی، هەڵمەت کە گەورە دەبێت، دەبێت بە شاعیرو وشە دەکات بە کڵپەی ئاگرو لە نەورۆزی هەژاراندا گشت پەیکەرەکانی ستەم‌و زۆرداریی سەرزەوی دەسووتێنێت:**

**شاعیرێك بوو بەساوایی**
**پەنجەرەی ماڵانی دەشکان**
**کە نایانە قوتابخانە**
**دەفتەرەکانی خۆی دڕان**
**کە گەورەش بوو ... بوو بەشاعیر**
**وشەی کردە کڵپەی ئاگر**
**لە نەورۆزی هەژاراندا**
**پەیکەری گشت بتەکانی زەوی سووتان**[٨]





**پەراوێزەکان:**

**١. د. کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای منداڵ، ل: (٥٦ - ٥٧).**
**٢. ڕ. ڕێبازی ئازادی (ڕێبازی ئەدەب‌و هونەر)، چاوپێکەوتن، ژ. (٦٤)، ٦-١١-٢٠٠٧.**
**٣. هەر ئەو سەرچاوەیە.**
**٤. لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی - ٢٠٠٥، ل: (٢٥٢- ٢٥٣) .**
**٥. شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپی چوارەم - ٢٠٠٧، ل: (١٧٥).**
**٦. ڕ. بزووتنەوەی ئیسلامی، چاوپێکەوتن، ژ. (٣١٢)، ١٧-٨-٢٠٠٨.**
**٧. گ. ڕۆڤار، مایسی ٢٠٠٨، ژ. (٤٩)، ل: (٢٧).**
**٨. دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی یەکەم، ل: (٦٤٦).**





# بازنەی باختین ..
# ئەزموونێك لە گەڕانی دەستەجەمعی

ئاسۆ وەهاب کردوویەتی بە کوردی

بازنەی باختین، فێرگەیەکی هاوچەرخ بوو لە هزری ڕووسی، بەناوی میخائیل باختین (١٨٩٥ - ١٩٧٥) ناونراوە، ئەم فێرگەیە لێکۆڵینەوەی کردووە لەبارەی ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌و ڕووناکبیرییانەی، کە شۆڕشی ڕووسیا هێنایە کایەوە، دواتر ڕۆچوونی ئەو مەسەلانە بەرەو گوزارشتە فەلسەفییەکان لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی ستالیندا.

ئەم بازنەیە لە پشکنینەکانیدا بۆ ڕێگە زمانەوانییەکانی تۆمارکردنی ململانێیەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا، جەختی کردووەتەوە لەسەر مەرکەزیەتی مەسەلە دەلالییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی ولآتی ڕووسیا بە شێوەیەکی گشتی‌و ئەفراندنی هونەری بە شێوەیەکی تایبەتی، کلیلی ڕووانینەکانی بازنەی باختین



میخائیل باختین

بۆ دەرەنجامە زمانەوانییەکان، ئەوەیە کە زمان لە گەوهەردا دەرهاوێشتەی (دیالۆگ – ئاخاوتن)ـە، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی شێوەی خۆی وەردەگرێت، ئەم (دیالۆگ – ئاخاوتن)ە، کارلێکێك دروست دەکات لەسەر بەها کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، چونکە لە گوزارشتەکانی کەسانی ترەوە تۆمارکراوەو دواتر کەسانی تر جەختیان لەسەر کردووەتەوە، لەم سیاقەدا، هەمیشە چینی دەسەڵاتدار هەوڵی ئەوە دەدات یەك جۆر وتار وەکو نموونە جێگیر بکات، تا هەموان دوای بکەون، بەڵام چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەمیشە مەیلیان هەیە بۆ ڕووخاندنی ئەو لۆژیکە تاکڕەوە .

لە بواری ئەدەبدا ئەندامانی ئەم بازنەیە پێیانوایە، کە داستان‌و شیعر هێزێکی ڕاکێشەرن بەرەو سەنتەری گۆڕەپانی ڕووناکبیری.





ئەندامانی بازنەی باختین بریتیبوون لەی"ماتفی ئیسافچ کاجانی( ١٨٨٩-١٩٣٧)" و "پاڤڵ نیکۆلاڤیچ میدڤیدف (١٨٩١-١٩٣٨)"و "لیف ڤاسیلیڤچ بۆمبانیسکی (١٨٩١-١٩٤٠)"و "ئیڤان ئیڤانۆڤیچ ولیسرتنسکی (١٩٠٢-١٩٤٤)"و "ڤالنتین نیکۆلاڤیچ ڤۆلۆشینۆڤ (١٨٩٥-١٩٣٦)" لەگەڵ چەندان کەسی تر، سەرەتای کۆبوونەوەکانی باختین‌و بازنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٨ لە هەردوو شاری نیڤیل‌و ڤیتبسك لە وڵاتی ڕووسیای سپی، دواتر لە ساڵی ١٩٢٩ کۆبوونەوەکانی بازنەکە ڕاگیرا تا لە ساڵی ١٩٤٢ نێردران بۆ لینینگراد، چونکە زۆربەی ئەندامانی بازنەکە دەستبەسەر بوون، بەڵام باختین وێڕای دەستبەسەراگرتن‌و دوورخستنەوەی بۆ زیاتر لە جارێك.. دوورخستنەوەی بۆ کۆستانای لە کازاخستان ١٩٣٠ تا ١٩٣٦، پاشان بۆ ساڤیلۆڤۆی نزیك مۆسکۆ لە ١٩٣٧ تا ١٩٤٠، جارێکی تریش بۆ سارانسك لە مۆلداڤیا لە ١٩٤٥ تا ١٩٦٩.. هەر بەردەوام بوو لە کاری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکردن تا لە ساڵی ١٩٦٩ چووە مۆسکۆو لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد .

بازنەی باختین بەوە بەناوبانگە، کە (کاجان) دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا بانگەشەی بۆ دامەزراندنی کردووە، کاجان لەو ماوەیەی لە ئەڵمانیا فەلسەفەی لە لایبزك‌و بەرلین‌و ماربۆرگ خوێندووە، خوێندکارێکی لێهاتووی دامەزرێنەری کانتییەتی نوێ هێرمان کۆهن بووە لە ماربۆرگ، هەروەها گوێبیستی وانەکانی (ئینەست کاسیرر)





بووە، هەر لەوێ بنکەیەکی دامەزراندووە بۆ لێکۆڵینەوە کانتییەکان، تیایدا گفتوگۆ لەسەر مەسەلە فەلسەفی‌و ئایینی‌و ڕووناکبیرییەکان کراوە.

کاجان ئەندامێکی دیاری پارتی سۆسیال دیموکرات بوو پێش ئەوەی هەردوو پارتی بەلشەفی‌و پارتی سپییەکان لێی جیاببنەوە، بەڵام دواتر بەرەو فەلسەفەی کۆهن ڕۆیشتووە، ئەمەش بەهۆی نزیکی گریمانەی فەلسەفەی کۆهن لە مارکسییەتەوە، لەگەڵ وازهێنانی کاجان لەو بێباوەڕییەی لە شیوعییەتی ڕووسیدا هەبوو.

ئاڕاستەی بیرکردنەوەی ئەندامانی بازنەی باختین هەر چۆنێك بێت وای نەکردووە خۆیان بە فەلسەفەی ئەکادیمییەوە ببەستنەوە، بەقەد ئەوەی خۆیان بە چالاکییە ڕووناکبیرییەکانەوە خەریك کردووە، ئەم چالاکیانە زیاتر دوای چوونیان بۆ ڤیتبسك زیادی کردووە، چونکە زۆرێك لە هونەرمەندە پێشەنگەکان لەوانە (مالیڤیچ)و (شاگاڵ) چوونە ڤیتبسك تا خۆیان لە سەرئێشەی جەنگی ناوخۆ ڕزگار بکەن .

دیارترین‌و پڕبایەخترین کارەکانی بازنەی باختین دوای ناردنیان بۆ لینینگراد ساڵی ١٩٢٤ دەرکەوت، چونکە ئەو کات دەرکەوت، کە ئەندامانی بازنەکە زۆر بەئاگایانەوە ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە بوونەوەتەوە، کە زماناناس فرناند دیسۆسێر سەپاندبووی، لەگەڵ





گەشەکردنیدا لە کاری فۆرمالیستە ڕووسەکان، هەر لێرەوە ئاگاییەکی نوێ لەبارەی بایەخی فەلسەفەی زمان لە فەلسەفەو شیعردا سەریهەڵدا .

لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٠ ڤۆلۆشینۆف پڕ بایەخترین کارەکانی بازنەی باختین لە فەلسەفەی زماندا بڵاوکردەوە، کە زنجیرە وتارێك بوو لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (مارکسییەت‌و فەلسەفەی زمان).. دواتر میدڤیدف، کە بەرپرسی کارە ئەدەبییەکانی شاعیرێکی سیمبۆلیستی وەك ئەلکساندەر بلۆك بوو، بەشداریکرد لەو گفتوگۆ توندانەی، کە لەنێوان تیۆریستە ئەدەبناسە مارکسییەکان‌و فۆرمالیستەکان ڕوویدا، بە زنجیرەیەك وتار کە لە کتێبێکدا بڵاوکرایەوە بەناوی (ڕێبازی شێوەسازی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا) پاڵپشتی کارەکانی بازنەی باختینی کرد، ساڵی ١٩٢٩ چاپی یەکەمی بەرهەمە بەناوبانگەکەی باختین، کە تایبەت بوو بە ئەدەبی دیستۆیفسکی لە ژێر ناونیشانی (گرفتە ئەدەبییەکانی کارەکانی دیستۆیفسکی) بڵاوکرایەوە، بەڵام زۆرێك لە کارەکانی باختین، کە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٩ نووسیویەتی بەهۆی تەواو نەبوونییەوە بڵاو نەکراوەتەوە، لەنێو ئەو کارانەدا وتارێکی ڕەخنەیی هەیە باسی ڕەوتی فۆرمالیستی دەکات بە ناونیشانی ( کێشەی ناوەڕۆك‌و کەرەستەو فۆرم لە خوڵقاندنی هونەری زارەکی – ١٩٢٤)،

هەروەها لێکۆڵینەوەیەك، کە بە قەبارەی کتێبێکە بەناونیشانی (دانەرو پاڵەوان لە چالاکی جوانسازیدا- ١٩٢٧) .

لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە زۆربەی ئەو کارانەی، کە بەناوی ڤۆلۆشینۆفو میدڤیدف بڵاوکراونەتەوە دەدرێنە پاڵ باختین، ئەگەرچی تا ئێستا ئەو مەسەلەیە جێی مشتومڕێکی زۆرە، بەڵام سروشتی کارەکانی بازنەی باختین، کە هەمووی زیاتر لە ئەنجامی گفتوگۆوە هاتووەتە بەرهەم، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو بەرهەمانە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئاوەزی تاکە کەسێك نییە، ئەگەر بەپێی فەلسەفەی باختینیش بڕوانینە ئەو بەرهەمانە، دەکرێت وەکو بەرهەمی هاوبەشی دیالۆگی ئەندامانی ئەو بازنەیە لە لایەكو دیالۆگیان لەگەڵ بیرمەندە هاوچەرخەکان لە لایەکی تر سەیر بکەین .

★ لە سایتی ئینسکلۆپیدیای فەلسەفە





# پەروەردەی منداڵ[٧]

(لێگەڕێ با منداڵەکەت پشت بە خۆی ببەستێت لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە)







**ڕزگار فایق سەعید وەرگێڕاوە بۆ کوردی**

منداڵ پێویستی بەوەیە کێشە بچووکەکانی ژیان تێپەڕێنێت،بۆ ئەوەی بتوانێت لە داهاتوودا بەرەنگاری کێشە گەورەکان ببێتەوە، بەڵام هەندێك لە دایکان زێدەڕۆیی دەکەن لە چاودێریکردنی مناڵەکانیان ئەوە لە دڵپاکی دایکانەوە دێت یان لەبەرئەوەی ئەو دایکانە زۆر مناڵەکانیان خۆشدەوێ، ئەمە دەرەنجامەکەی خراپ بەسەر ئەو مناڵانە دەشکێتەوە، چونکە کاتێك گەورە دەبن هیچ بڕوایان بە هێزو توانای خۆیان نییەو بە تەنها پشت بە کەسانی تر دەبەستن بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان. بێگومان ئەو دایکانەیوا هەمیشە بە بەردەوامی پشتگیری لە مناڵەکانیان دەکەنو یارمەتییان دەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتو کێشەکانیاندا ئەوە دەرەنجام ئەو مناڵە ناتوانێت خۆی بە جوانی دروستبکاتو دەبێتەهۆی لەدەستدانی بڕوابەخۆبوون، ئەو مناڵەی کاتێك گەورە دەبێت ناتوانێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.

بۆ نموونە گەرهاتوو مناڵەکەت ڕۆژێك لە ڕۆژان هاتەوە لە قوتابخانە دەبینیت وەزعی تێکچووەو فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتووەتە خوارێ، ئەمە بەهۆی ئەوەوە لەوانەیە مناڵێکی هاوپۆلی خۆی لێیدابێ یان پارچە نەستەلەیەکی لێ سەندبێت یان لەبەر هەر





هۆیەکی تر بێت . ئەوە نابێت دایکەکە ڕاستەوخۆ بڕوات بۆ قوتابخانە تۆڵە لە قوتابییەکە بکاتەوە، نەخێر هەنگاوی ڕاستی دایکەکە ئەوەیە، کە بهێلێت مناڵەکەی کێشەکەی خۆی لە گەڵ هاوڕێکانیدا چارەسەربکات، چونکە مناڵان خۆیان لە زمانو ڕەوشتی یەکتر تێدەگەن.

**★لایەنە خراپەکانی زیادەڕۆییکردن لە چاودێریکردنی مناڵاندا:**

دەبێت دایك بزانێت نابێت وەکو قەباخێکی پاراستن هەمیشە پارێزگاری لە مناڵەکەی بکات، ناشکرێت دایکەکان وەکو فڕۆکەیەکی کۆپتەر هەمیشە بەسەر سەری مناڵەکانیانەوە بن، دەبێت دایکان ئەوەش بزانن، کە نابێت هەرگیز لە هەموو شتێکی گەورەدا خۆیان هەڵقورتێننە ناو کێشەکانی مناڵەکانیانەوەو هەڵسن بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ هەموو گرفتەکانیان، هەرگیز نابێت دایکان هەڵسن بە تۆڵەکردنەوە لەو کەسانەی کەوا لە مناڵەکانیان داوە، چونکە وادەکات لەو مناڵانە هەمیشە بە پشتی دایکانەوە بخوڕنو هەرگیز نەتوانن خۆیان چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆیان بدۆزنەوە. ئاساییە گەر هاتوو مناڵەکەت هەستی بەوە کرد کەسێك هەیە پارێزگاری لێدەکات، بەڵام ئەوە هەرگیز شتێکە جێی قبوولکردن نییە، چونکە هیچ خزمەتێك بە مناڵەکە ناگەیەنێت، بگرە مناڵەکەت زەرەرمەندیش دەبێت لە زێدەڕۆیی لە پشتگیریکردن، باشترینو

گونجاوترین ڕێگە بۆ ئەوەی منداڵەکەت فێربێت خۆی بەرەنگاری کێشەکانی بێتەوە ڕێگەی مومارەسەکردنە، چونکە باش بزانە پێویستە منداڵەکەت لەگەڵ کێشە بچووکەکانی ژیاندا هەڵسوکەوت بکاتو خۆی چارەسەریان بکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت کاتێك دەچێتە دەرەوەی ماڵو تێکەڵاوی خەڵك دەبێت دووچاری شۆك دەبێتو نەتوانێت بەرەنگاری بچووکترین کێشە بێتەوە، کە ڕۆژانە ژیان لەگەڵیان بەسەردەبات، جا دایکی خۆشەویست گەر لەو دایکانەی کە زیاد لە ئەندازەی خۆی چاودێری هەموو شتێکی گەورەو بچووکی منداڵەکەی دەکەیت، ئەوە زۆر هەڵەیتو دەبێت بە خۆتدا بچیتەوە، باش بزانە تۆ بەس ئەوەت لەسەرە ڕێنمایی منداڵەکەت بکەیت، ئیتر وازی لێبهێنە با خۆی چارەسەری گرفتەکانی ڕۆژانەی خۆی بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گەنجێکی بڕوابەخۆبووی سەربەخۆی لێدەربچێت بۆ ئەوەی بتوانێت ململانێ لەگەڵ کێشەکانی بکات. دەبێت دایکی خۆشەویست ئەوەت بۆ روونبێت، کە تۆ ناتوانیت هەموو ئەو گرفتو کێشانە چارەسەربکەیت، کە دووچاری منداڵەکەت دەبێتەوە، چونکە دەبێت پشکی شێری ئەو کێشانە منداڵەکە خۆی چارەسەری بکات، چونکە وەکو دەڵێن دار بەتەڕی دەچەمێتەوە.

**⋆پەروەردەی نموونەیی منداڵەکان:**

دایك چۆن هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ منداڵەکەیدا باشە؟





یەکەم شت، کە دەبێت دایك پێی هەڵسێت، تووڕەنەبوونە، پاشان شاردنەوەی کینەو ڕقەکەیەتی لەو کاتەی، کە منداڵەکەی دووچاری لێدان دەبێت لە لایەن منداڵانی ترەوە، لەم کاتەدا دەبێت دایکەکە ڕۆڵی چاودێر ببینێت بۆ منداڵەکەی، چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات منداڵەکە فێری ئەوە دەبێت، کە چۆن چارەسەر بۆ کێشەکانی خۆی بدۆزێتەوە، جا بۆ ئەم مەبەستە دەبێت دایکەکە بە ڕێگەی شیاوو راست هە ڵسێت بە یارمەتیدانی منداڵەکەی بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە داهاتوودا پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی، کە لە داهاتووی ژیانیدا دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەمیداو دەبێت دایك فێری منداڵەکەی بکات، کە چۆن دەتوانێت کۆنترۆڵی تورەبوونو شکستخواردن بێت لە ژیاندا، دەبێت رایبهێنێت لەسەر ئەوەی، کە چۆن چالاکییەکانی خۆی پەرەپێبدات، ئەم چالاکییانە پێویستە بۆ منداڵەکە بۆ ئەوەی بتوانێت چارەسەری کێشەکانی پێبکات، لە لایەکی تریشەوە تا بتوانێت لەگەڵ خەڵکیو دەوروپشتیدا خۆی بگونجێنێتو ژیانێکی ئاسوودە بەسەرببات. من لێرەدا شێوازێکی تری زیادەڕۆیی دایکەکان دەخەمەڕوو بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان ئەویش ئەوەیە، کە دایکەکە هەمیشە پەیوەستە بە منداڵەکەیەوە، بۆ نموونە خۆی نان دەکات بە دەمیەوە، خۆی دەستەکانی دەشورێتو خۆی جل دەکاتە بەری، تەنانەت شەوانە لە باخەڵی خۆی دیخەوێنێت، ئەمە لە





لایەکەوە بە خراپە بەسەر منداڵەکەدا دەشکێتەوە، لە لایەکی ترەوە ناهێڵێت ئەو دایکە بۆ چەند ساتێك پشووبداتو ئارام بێت .

**⋆لێگەڕێ با منداڵەکەت ڕووبەڕووی ژیان بێتەوە:**

جوانترین شتی دایك خۆشەویستییە بۆ منداڵەکەی بەڵام دەبێت دایك ئەوە بزانێ کە زیادە رۆیی لە خۆشەویستیو نازدابن بە مناڵ ئەوەمناڵ بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات چونکە دەبێت دایك لە گەڵ گەورە بوونی منداڵەکەی زیاترئازادی بداتێ بۆ پەرەپێدان بە چالاکیەکان ، هەندێكوای بۆدەچن گەرهاتوو بە بەردەوامی منداڵەکانیان دڵخۆش نەبوون ئەوە دایکایەتیەکی خراپن ، بێگومان ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە ، دەبێت دایك هەندێ جار منداڵەکەی جێبهێڵێت لای خوشکەگەورەکەی یان لای برا گەورەکەی بۆ ئەوەی بتوانێ پشت بە خۆی ببەستێت بۆ دەستەبەرکردنی هەندێك لە داخوازیەکانی خۆی ، ناکرێت کاتێك دایك لە ماڵ دەردەچێتو لەوکاتە منداڵەکەی بە دوایدا دەگرێتو یەکسەر بێتەوە باوەشی پێ بکاتو ئیشەکەی دوابخاتو نەیکات ، بەڵکو دەبێت فێری ئەوەی بکات کە ئەمیش سەرقاڵە بە هەندێ ئیشی تایبەتی خۆیەوەو دەبێت بە ئەنجامی بگەیەنێت ، دەبێت منداڵەکەت فێری ئەوەبکەیت کە هەموو کاتەکەت بە تە نها بۆ ئەو نییە ، باش بزانە کە مناڵ هەمیشە پێویستی بە ئافەرینی دایك هەیە لە کارە باشەکاندا بۆ ئەوەی





پەرەی پێبداتو پیشیبخات ،وەهەر لە کارە خراپەکانیشدا دەبێت دایك رێنمایی منداڵەکەی بکاتو پێی بڵێت کە ئەم کارە هەڵەیە بۆ ئەوەی دووبارەی نەکاتەوە .

⋆/شێوازیکی تر بۆ چاودێریکردن :

حەزکردنی دایك بۆ ئەوی منداڵەکەیوەکو منداڵانی کەسانی تر فێری هەمووشتێك بێتوالە دایك دەکات زۆر لە منداڵەکەی بکات بێجگە لەوانەکانی قوتابخانە فێری شتی تریش بێتوەکو (فێربوونی مۆسیقا -وەرزش - مەلەکردن -و هتد ) دایکی بەڕێزتۆ دەبێت بزانیت کە مناڵی تەمەنێکی کورتو دیاریکراوە جا بۆ ئەم مەبەستە لێگەڕێ با منداڵەکەت تێر لە مناڵی خۆی بخواتو بە وئارەزووی خۆی چالاکیەکانی مومارەسە بکات ، دەبێت دایك بزانێت چۆن هاوسەنگیەکی جوان لە ژیانی منداڵەکەیدا دروست دەکاتو دەبێت فێری منداڵەکەی بکات کە مافی هەیە لە ژیاندا لە پاڵ ئەمەشدا ئەرکیش هەیە .دایکی ئازیز باش بزانە کە مناڵ کاری یاریکردنە جا بۆ ئەم مەبەستە دەبێتواز لە منداڵەکەت بێنیت با بۆخۆیوێنە بکێشێت یان سەیری (تیڤی ) بکات ، یان قەیناکە با هەندێ جار یارمەتیتان بدات لە ئامادەکردنی سفرەی نانخواردن .

⋆/چاودێری بکەو خۆت دوورە پەرێزبگرە :

باش بزانە دایکی بەڕێز کە زۆرچاودێریکردنت بۆ منداڵەکەت بۆ

ئەوەی کەوەکو ئەوەوابێت کۆتوبەندکرابێت ، ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە ئاگاداری منداڵەکانمان نەبین لە شتە ترسناکەکانداوەکو ئاگرو ئاوی گەرمو کارەباو ... هتد ، بەڵکو مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە بۆ نمونە با منداڵەکەت چەند جارێك لە سەر پاسکیلەکەی بکەوێت لێیگەڕێ دەرنجام هە ر ئەبێت فێری پاسکیل رانیین بێت ، چونکەوەکو ئەڵێن ( سوارتا نەگلێت نابێت بە سوار ) یان تۆ هەمیشە قەیتانی پێڵاوەکانی بۆ مەبەستەوازی لێبێنە با خۆی هەوڵدات ئەبێت لە کۆتاییدا بە جوانی فێری بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانی بێت .باش بزانە کە منداڵ لە شکستەکانیاندا فێری ململانێ کردن لە گەڵ ژیاندا دەبنەوە ، منداڵ حەز دەکات بە دەستی خۆی نان بخوات ، قەیناکە باناوماڵیش پیسبکات ئەو بەوە ئاسودە دەبێت کە هێزو تواناکانی خۆی بۆی دەرکەوێتو تاقیبکاتەوەو رازی بوونی منداڵکە لە خۆیوکارەکانی دەهێنەدە بڕوا بە خۆبوون بە منداڵەکە دەبەخشێت ، لە کۆتاییدا دەڵێم (ژیان قوتابخانەیە . ئێمەش هەمووومان قوتابی ئەو قوتابخانەیینو رۆژگاریش مامۆستامانە )

★ گۆڤاری (زهرە الخلیج)ی ئیماراتی





# چل تا پەنجا ساڵی
# خەمۆکترین تەمەنی ژیان

وەرگێڕانی / عومەر عەبدولکەریم قادر
omerteno@yahoo.com

ئەوەی لێرەدا باسی لێوە دەکرێت بابەتێکە لەسەر تەمەنی خەمۆکیو بێزاری، کە زۆرێك لە مرۆڤەکان تووشی دەبن. هەروەها کەس بەڵێنی ئەوەی پێنەدراوە، کە نیوەی تەمەن ماوەیەکی پڕ لە چالاکیو بزواندنە. زۆربەی کەسەکانیش ئامادە نین، کە لە گەشتن بە نیوەی تەمەن خۆشحاڵی خۆیان دەربڕن. هەرچۆنێك بێت گەنجیی باشترە لە پیری.

توێژینەوە نوێکانیش جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکەنەوە. لەسەر بنەمای کۆمەڵێك زانیاری، کە لەنێوان دوو ملیۆن کەس لە هەشتاوڵاتی جیهاندا کۆکراوەتەوە، کەسەکان کاتێك دەگەنە نیوەی تەمەن زیاتر لە هەر ماوەیەکی تر لە ژیانی خۆیان ڕووبەڕووی





خەمۆکی دەبنەوە، بەڵام هێشتا هەندێ ئومێد هەیە.

لە ڕواڵەتدا کەسەکان پاش تێپەڕاندنی نیوەی تەمەنو گەیشتن بە تەمەنی پیری ، ئەگەر تەندروستییەکی ڕێژەییان هەبێ دیسانەوە ورەیەکی بەرزو شادو ڕەزامەندیان دەبێت.

★ تەمەنی خەمۆکی

لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوە نوێیە، کە لە لایەن لێکۆڵەرە ئەمریکیو بەریتانییەکانەوە ئەنجامدراوە، کەسەکان لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا لە لووتکەی مەترسی تووشبوونی خەمۆکیدان. مەترسی خەمۆکی لە گەنجانو پیراندا کەمترە لەو گروپو تەمەنانەی تری ژنانو پیاوان بە یەك ئاست ئامادەی تووشبوونن بە خەمۆکی، ئەوەش لە دەیەی چل ساڵی ژیانیاندا.

لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە ئەوکەسانەی، کە لەم توێژینەوەدا خراونەتە بەر پشکنین، تەنها لە وڵاتی ئەمریکادا ژنانو پیاوان لە تەمەنە جیاوازەکاندا ڕووبەڕووی مەترسی خەمۆکییەکی قووڵ بوونەتەوە. لە ئەمریکادا ژنان لە تەمەنی چل ساڵیو پیاوان لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا دەکەونە بەر مەترسی توندی خەمۆکی.

توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەی پیشان دابوو، کە ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی بە ئەندازەیەك لە تەواوی تەمەنی کەسێکدا





یەکسانە، بەڵام دوواهەمین توێژینەوە سەلماندی خەمۆکی لە نیوەی تەمەندا زیاتر لە هەر ماوەیەکی تر ڕوودەدات.

پرۆفیسۆر ئەندرۆ ئازواڵد، یەکێك لە ڕێکخەرانی ئەنجامی ئەم توێژینەوانەیە وتی " خەمۆکی بەرەو لای هەموو کەسێك دەچێت ژنو پیاو، هەژارو دەوڵەمەند، ژندارو بێ ژنو ئەوانەی، کە منداڵیان هەیەو ئەوانەش کە نیانە."

ئەو پرۆفیسۆرە وتی "هۆکاری ئەوەی، کە نیوەی تەمەن لە هەموو جیهاندا ئامادەی خەمۆکییە بۆ ژنانو پیاوان ڕوون نییە". پرۆفیسۆر ئازواڵد لە درێژەی قسەکانیدا وتی "کەمبوونەوەی سەلامەتی دەروونیو ئاسوودەیی لە کەسەکاندا بە تێپەڕینی کات دەبێ، نەك لەناکاو و لەماوەی ساڵدا".

هەر لەسەر بنەمای ئەم توێژینەوەیە، زۆربەی کەسەکان بە گەشتن بە تەمەنی پەنجا ساڵی لە چنگی مەترسی خەمۆکی ڕزگاریان دەبێتو کاتێك دەگەنە تەمەنی حەفتا ساڵی (لە کاتێکدا ، کە تەندروستی تەواویان هەبێت) وەکو لاوێکی تەندروستی بیست ساڵە هەست بە شادمانی دەکەن.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، کە لە لایەن زانکۆکانی (واریکی بەریتانیاو دارتمۆتی ئەمریکا)وە ئەنجامدراوە لە گۆڤاری (زانستەکانی کۆمەڵایەتیو پزیشکی)دا بڵاودەکرێتەوە.

# بنەچەی داوای ڕەگەزی سێکس

د. فاروق نەقشبەندی



(کۆلن ویلسۆن) بە شێوازی بیری نوێگەری تەماشای سێکسی دەکات لەو دیدەوە سەرچاوە دەگرێت، کە (مرۆڤ وسروشت دووتەواوکەری ژیانی بەرامبەر یەکترن هەروەها منداڵ بونیش بە ئامانجە سەرە کییە دەزانێت .

(تۆڵستوی لە رۆمانی (the kveutzer sonata) ناوەرۆکی ئەم





رۆمانە سەرچاوە ی لە بەرهەمە کانی قەشەی ئینکلیزی بەناو بانگ (jon wisly) (جۆن وسلی ) گرتووە کەلە بەرهەمی (ڕێبازی سیستەمی ئانیزا یی ) بە بڕگەی لە ئازادی جنس وە دەر خستووە .

تۆلستوی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی (ڤیودنێشیف ) کوژەری خێزانەکەی خۆی لەپاش هەست کردن بەوە ی کە کۆمەلگای هاوچەرخ هەڵگری جۆرە شێتڕەوییەکە ........ لە بەشەیدایی و پڕ خولیای سێکسی .

چاوگەی ئەم بیرۆکەیش لەو دیووە وە دەست پێ دەکات کەسانی دەست سپی بێ ئیش و کار تایبە ت ئەگەر خوا پێداو گیرفان گە رم بێت هەمیشە سەوداسەری دوای بەرجەستە کردنی ئارەزووە سێکسییەکانن .

لە ڕووی هە ردوو ڕەگەزی ژن و پیاویشەوە پیاو لە بە رئەوە ی بە ئەرکی ڕۆژانەوە خەریکە ........ژنیش بە ڕێکخستنی ماڵ و پەروەدەکردنی منالەوە ئەوا نایان پەرژێتە سەر ئەوەی زۆرجوت بن!

بەڵام مرۆڤەکانی سەر بەچینە بە رزەکان کە زیاتر لەئاستێکی ڕۆشنبیری هەست پێکراون کاتی ڕۆژانە و ژیان بە هە ناسە برکێی لەژێرپە ردەی بە خۆشەویستییەکی ناسك دا.........؟ بەڵام خۆی (ناوە ڕۆك هەر تێرکردنی چڵسە سێکسییەکەیە )

ئیرەیی (ڤیودنشیف )لەو دیوە دەستی پێکرد کە خێزانە کەی لە سازدانی (سۆناتای نۆهەمی بیستۆڤن دا)کەمانچە ژەنێکی





(ئۆراستۆکراتی ) (کوڕە خواپێداوێکی چینە بە رزەکە هاوکاری دەکرد . گڕی ڕۆمانە کە لێرەوە لە بیری (تۆلستوی ) دا بە گرژی دەکرێتەوە مای نیشانی دەدات کە (جۆری هاوکاریە ڕۆشنبیری و هونە رییەکە ئەوە دەسە لمێنێ پردێك بێت بۆپە ڕینەوە بۆ پەیوەندییەکی نوێ و لە وێشەوە بۆ( ئەنجام دانی داوێن پیسی خێزانی )

پاشان لەهەمان ڕۆمانیش دا لای وایە کە تەنها ڕێگای سروشت بۆپەیوەندی جنس ئەوە یە کە لە پێناوی هاوسەری و منداڵ دروست کردن و بەخێوکردن دا خۆی بدۆزێتەوە .

هەموو بە پرۆسەکردنی (سێکسی ) لەپشت ئەم کارەوە تەنها ئامانج تەنها (تێرکردنی چە شەی تابەتی وسێکسییە و بە س ) هەتاوە کو ئەگەر جووت بونەکە لە نێوان دووهاوسەری ئاسایشدا ئەنجام بدرێت تەنها مە یلی ئارەزووکپ کردنەوە کەیە و چیتر ئامانج نییە .

ئەم هەڵوێستە دەبێت چەند پشگیری لێ کرابێت لە لایەن کەسانی بژێوی ناو کۆمەلگاوە تەها لەیەك ڕوو گەشەی بەخۆیەوە بینیوە ئەویش لە دیدەی کە نیسەی کاتۆلێکەوەکە وەك ڕێنمایە کانی (فدیس بۆلس ) کەجۆرێکەلە سنورداران بۆسنوری منداڵ نەبون یان ڕادەکە کەمکردنەوە ی .





کەواتە سنوری بە رەی یارانی تۆلستوی کەمن لە ڕووی (بە تیورکردنەوەوە ) بۆ؟ چونکە هەموو ئەوانەی کەلە سەر سێکسیی لێکۆڵینەوەیان کردووە لە سە رەتای قۆناغی (ئیکس ........نا ........ قۆناغی (کرافت أبینع ) پرۆسەی دابین کردن و تێرکردنی ( sex) بەشێوە سروشتییەکەی بریتی یە لە (ئەو چالاکییە سیکسیە ئەکسیڤە ) کە ئەنجام پرۆسە منداڵ دروست کردنی تیا ئەنجام بێت .

لە ڕووی تیۆرە دەروونیەکەیشەوە (جە ستە ژیایە بەگە رمی جەستە لەو دیوەوە پێك دێت کە نێرینە ئاوەکەی برژێنێ ئەگەر لە دەرەوە ی زایندەی گرتبێ یان ئامێرێکی قەدەغەی بەکار هێنابێت ! ئەمەیش زیاتر توند رە وییە لە دەرچوون لە ڕێگا سروشتییەکە چونکە پیاوانێك هەن کەبە لێدانو ئەزێت دانی مێینە کانیان تاسنوری بوراندنەوەیان ئالۆشی (سێکسیان )دادەمرکێت .

ڕێگری سەرەکی لەم دیدو بۆچوونەی تۆڵستوی بریتی ییە لەوەی کەنابێت ئامانج و هۆکار بکرێنە یەك چونکە لە مە نتیق چاك دا بۆچوون بۆهەموو کارێ دەبێت هۆکار لە سەرچاوەوە دەسپێك بێت لە پێناو ی گەیشتنی بە ئامانج نە ك ئامانج ببێتە هۆکار ئەو کات هە لگەرانی بیر نیشان دەدات .

وەکو ئاستی بیری ڕەوای خێزانیش زۆرینەی پیاوان پیان

وایە کە ( هەتیو بازی ) یان لەپەنجە رە چوونە ژوورەوە لە باتی دەرگا کارێکی وەهایە کە دەروون پێ تەسکینی نابێت مەگەر لە دە رگا چوونە ژوورەوە لە ڕابە رایەتی ئاینی ئیسلامی پیرۆزیش خاڵی کردنەوە ی ئاوی پیاو تەنها لە ناو زانیدە دا بە حەڵاڵی چەشەی بێ سنوری لی دروست دەبێ !

(جیرۆ کۆیدۆن) ڕۆژێك لە ڕۆژان نێربازی خۆیان نەشاردۆتەوە بۆیە هەمیشە چوار چێوەیە کی قورسی دەکەوێتە بە رچاو مان وەك مێــژوو جیدۆتافیکردنــەوەی دامرکاندنەیــەك لەڕووگــەی (سێکسی )لای ئاژەڵ سەرچاوەی گرتوو دەڵێت :

(بۆچی من گەر منداڵێتی جوان پیاوێك لە باوەشی گەرم و جووت لەگەڵیا شەر م و زەبونیە خۆبون سەرەتای ئەکتیف ئارەزووەکانە ئاژەڵ بوونی مێی نەکانیانە دوورتر دەڕوات بۆنێرینەکان بوونیان بە رزدەکەنەوە بۆ ئاسمان پاشان دەچینی ڕیزیانەوە بارە بارییان لێ هەڵ دەسێت دوایش مێینە کانیش لە خۆشی دا دەلێسێتەوە ).

هەروەها جید پێ ی وایە کە نێرینەیش بە بۆنی سنگ و بە ڕۆکی مێینەیەك لە کۆچ و بازاڕا لە شوێنی گشتی دا ( مەبەست ڕۆژانە دا ) ئەکەوێتە ئەوەی بکەوێتە ..........؟ تا دادەی خاوەن بۆن بە زەردەیەك دەرگای بۆ واڵا دەکات .

هە روەها جێد پێی وایە هەموم نێرینەیەکی سروشت ......





ئاڵۆشی سێکس بە رەو بەرزی دەڕوات کە جەستەی مێینە یە ك وەکو خوا دروستی کردووە ببینێ نێر مژی لێ بدات دوورتر لە مەوە کۆمەڵێکی تر لە نێرینە ( پیاوان ) دیاری دەکات لە جلی ژێر ەوی ئافرەت لە تەنگ و تیواڵی وایان لێ دەکات لێك بکەو نەوە لالفادەیان دە شێ گرووپی تر هەن بە قژێکی درێژ چاوییان سپی دە بێت بە رەو لە خۆچوون هەنگاو دەنێ.

**سەرچاوەکان :**


١/ کتێبی الدوامە (جان پۆل سارتەر )
٢/ کتێبی الدافع الی الجنس (کۆلن ویلسن )
٣/کتێبی نور الاسلام (عبدالکریم المدرس )
٤/کتێبی التفسیر النفسی ، الادب (د- عزالدین اسماعیل )






# عەشق
# پیرۆزتر لە گرێبەندەکانی تر

بەناز عومەر



*ئەوەی، کە ژنو مێردەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەندی دڵ نییە، بەڵکو بەندی شەرعە*

**ڕێبوار سیوەیلی**





زۆرێك لە کچو کوڕو تەنانەت هاوسەرەکانی ئێمە هەن، جگە لە (بەندی شەرع) هیچ شتێکی تر بەیەکەوەی نەبەستوونەتەوە، کچێکی هاوڕێم پێی وتم: خۆزگە دەمتوانی لە شووقەیەکی تایبەتی خۆمدا لە دەرەوەی ماڵەوە دەژیام. کوڕێکی هاوڕێم ڕۆژێك وتی: خۆزگە ژنم مارە نەکردبا. گەلێك ژنو مێردیشم بینیوە لەبەر کلتوورو دابو نەریتو قسەی دەوروبەر (ئابڕوو) ناتوانن لەیەکتر جیاببنەوە، ئەگەرنا دەمێکە لەیەکتر پەشیمانبوونەتەوە، بۆیە لەنێو پەیوەندی هاوسەرەکانو خێزانەکانو خۆشەویستی ئێمەدا دوو شتی زۆر دەگمەن کەمن ئەوانیش:

١- بەختەوەری.

٢- لەیەکترگەیشتن.

زەواجێك، کە دابونەریتو قیسمەتو نسیبو خاڵو مامو پوورو...هتد بڕیاری لێبدەن، بە بێئەوەی کچەکە ڕای ڕاستەقینەی دەربڕێ، ئەو خێزانە بەختەوەری کەم دەبێت، چونکە ئەو کچە لەگەڵ ئەو کوڕە ڕۆژێك لە ڕۆژان نەژیاوە، واتە پێش ئەوەی غەدر لە کچەکە بکرێت لە کوڕەکەش دەکرێت، چونکە ئەویش بە قسەو پیاهەڵدانی بنەماڵەکەی لە بەرامبەر ڕەزامەندی بۆ کچەکە چەواشەکراوە.

بۆیە دواتر، کە دەبنە هاوسەر تووشی گرێی دەروونیو

چەسپاندنێکی زۆر دەبن لەمەڕ چارەنووس و بەختەوەری و پێکەوەژیانیان، لێرەوە دەپرسین چارەسەر چییە یان دەڵێین پێشنیاری چی بکەین؟ لە وەڵامدا پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە کۆمەڵایەتی و دەروونی نەگونجانە، خۆشەویستی و گفتوگۆی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە ببێتە یاساو ڕێسای یەکەمی هاوسەری و دووەمیان ماڵ و خێزان و دەورووبەر، چونکە من ناڵێم لادانیکی کوشندەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و هەردوو ڕگەزەکە بێبنەما بڕیاربدەن و بێبنەما جیاببنەوە، بۆ ئەوەی لەم قەیرانە دەرباز بن، پێویستە عەشق و لەیەکترگەیشتن گرێبەندی یەکەمی هاوسەرگیری بێت، نەك وەکو ڕێبوار سیوەیلی ئاماژە بەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت شەرع و داب و نەریت و کلتوور گرێبەندی هاوسەرگیری بن، کەواتە بە عەشق و لەیەکترگەیشتن دەتوانین چارەسەری ئەم دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییە بکەن، بەمشێوەیە دەکرێت پەیوەندییەکانمان ڕێکبخەینەوە و ئەم بێزارییەی کوڕو کچ و هاوسەرەکانمان بەربدات و بەرەو دەروازەکانی بەختەوەری هەنگاوبنێین، نەوەکو بەرەو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندە ڕۆحییەکان و پەیمانە سۆزدارییەکانمان بڕۆین، عەشقیش خۆی گرێبەندێکی تایبەتییە و بتەوترین گرێبەندە، کە ئەو هەبوو، گرێبەندەکانی تر ڕۆڵی نەگەتیف نابین.





# ڕاستی لەچەکی ئەتۆم بەهێزترە!

مەلا تەحسین گەرمیانی



فایقی سەرلێشێواو، کە خەڵکی پێی دەڵێن (شێت)، ئەو کەسێکە هەمیشە لەنێو بازاڕی کەلاردایە و ڕۆژانەش بەر تانە و قسەی ناشیرینی خەڵك دەکەوێ و زۆرجاریش تووڕەی دەکەن یان عەزیەتی دەدەن، ئەمە ئیتر سروشت و حەزی زۆر کەسانە، کە گەمە و یاری بە







عەقڵی خەڵکی وەك فایق و هاوشێوەکانی دەکرێت، لە کاتێدا ئەم کەسانەش بەدەستی خۆیان نییە، کە تووشی ئەو حاڵەتە بوونە و ئەمڕۆ خەڵك ڕێز بۆ هەست و شعوریان دانانێن و بگرە قسەیشیان پێدەڵێن. (فایق ) ئەو کەسێکە جیاواز لەو کەسانەی، کە تووشی هەمان حاڵەت بوونە، (فایق ) تا دێت بە قسەکانی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و هەرجارەو وەك گوللەی دەم تفەنگ قسە فڕێدەدات و دەڕوات، قسەکانیشی زۆر گرنگ و کاریگەرن، هەندێکجار مرۆڤ وای لێدێت تێڕامان بکات لە ئاستیداو هەڵوێستەی لەسەر بکات. بۆیە من بۆخۆم هەمیشە عەودالی وەرگرتنی ئەو قسانەی (فایق)، کە چۆن لەدەمی خۆی یان کەسانی تر وەریان بگرم و





هەرجارەو شتێکی لە سەر بنووسم، هەر عەوداڵبوونم وای لێکردووم، کە پێشتریش چەند بابەتێکی ترم لە سەری نووسی و بڵاومکردەوە، ئەم قسەیەی سەرەوەیش، کە ناونیشانی بابەتەکەیە و ڕۆژێك لەنێو بازاڕی کەلار توشی بووم و بانگی کردم، چونکە ئەو دەزانێ بابەتی لەسەر دەنووسم، لەناکاو پێی وتم کاك مەلا (ئەگەر ڕاستی جێبەجێ ببێ لە چەکی ئەتۆم بەهێزترە). بۆ خۆم لەم قسەیەی تێڕامانم کرد، کە بەدڵنیاییەوە ئەم دنیایە لە مێژوو و ئێستاو ئاییندەشدا هەروا دەبێ و واهاتووە، کە لەجیاتی چەسپاندنی ڕاستی و دروستی لە ژیاندا، کەچی خاوەن هێزو دەسەڵاتدارانی جیهان بە هێزو کەرەستەی جەنگی ویستوویانە خۆیان بسپێنن بەسەر میللەتانی تردا یان کوێخایەك، ئاغایەك، بە زەبری هێزو پیاوانی دەوروبەریان خۆیان بەسەر هاوگوندییەکانیاندا سەپاندووە یان دەوڵەتێك لەپێناو سەپاندنی هەیمەنەی خۆی بەسەر دەوروبەریدا پەنایان بۆ چەکی کۆکوژ بردووە یان وەك ئەمڕۆ باوە چەندین وڵاتی دونیا میللەتەکەی خۆیان تووشی هەڵاوسان و قەیرانی ئابووری دەکەن بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی چەکی (ئەتۆمی)، واتە هێزو دەسەڵات ڕێگرە لەبەردەم ڕاستی و دروستی ژیانی مرۆڤەکانداو ناهێڵن بەئاسایی و بە ئاسایشی ژیان بکەن یان لە ژیانی ڕۆژنەیشماندا زۆر مرۆڤ کەمتر بەلای ڕاستیدا دەڕوات لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا تەندروستانە نییە،

تەنانەت وای لێهاتووە زۆرجار مرۆڤ وا فێربووە لەگەڵ ناخی خۆیشیدا ڕاست ناکاتو دەیەوێ جۆرێك لە جۆرەکان خۆیشی بخەڵەتێنێ، هەر کەسێکیش لە بواری فەلسەفەیشدا خویندبێتییەوە ئەمەی بۆ ئاشکرا دەبێ، کە ئەم جۆرە مرۆڤانە نەزانی بێت یان گێلی جۆرێك لە جۆرەکان ناتوانن ڕاستگۆبن لەگەڵ ناخی خۆیاندا، ڕەنگیشە بەهۆی نەزانییەوە بێتو پەی پێنەبەن، بۆیە لە ئاستی بەرانبەرەکانیشیان هەمان ڕەفتار دەکەن، بۆیە زۆر لەسەری نەڕۆین قسەکەی (فایق ) ئاماژەیەکی گرنگو کاریگەرە بۆ هەر کەسێكو بۆ هەر لایەك، کە ئەگەر ڕاستیو دروستی هەبێ، ژیان بە ڕێگەی ڕاستی خۆیدا بۆ هەموو لایەك مسۆگەرو چەسپاو دەبێ، گەر ژیانیش بەم شێوەیە ڕاستەڕێی خۆی گرت، بێگومان دروستکردنی چەکی ئەتۆم بۆچی؟ لە لایەکی تر قسەکەی فایق، ئەگەر چی فایق فەیلەسوف نییە، بەڵام ئەگەر فەیلەسوفێك ئەم قسەیەی بکردایە، ئەوا زۆر کەسی بەتوانا لە بواری فیکرو فەلسەفەدا شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی زۆریان بۆ دەکرد تا بکرێت بە شتێکی لە بابەت فیکرو فەلسەفە، بۆیە منیش بڕیامداوە لەژێر ناوی (چەمکی فایق نیزم)دا هەموو ئەو شتانەی لەسەری بلاٌوەکردووەتەوەو لەگەڵ ئەوانەی تریش، کە ئامادەمکردوون لە دوو تویێی کتێبێکدا کۆیان بکەمەوەو لە چاپی بدەم، با بزانین ئەم چەمکەی فایق تا چەند قسەی گرنگو پڕمانا لە خۆدەگرێت.





# کاتێك ژنان حوکم دەکەن

**محەمەد نادر**

هەموو ساڵێك گوندی (مۆنۆکلیسا)monoklissia ، کە گوندێکی بچووکە لەوڵاتی یۆنان بە بۆنەی ڕۆژێکی دێرینەوە، کە هەزار ساڵ زیاتری بەسەردا تێپەڕیوەو پێی دەڵێن ڕۆژی (ڕزگاربوونی ژن) یان ڕۆژی (حوکمی ژن)، جەژن دەگێڕن، کە بە یۆنانی پێی دەڵێن (gynaecokratia). لەم ڕۆژەدا پیاوان لە ماڵدا دەمێننەوەو منداڵان بەخێودەکەنو نێو ماڵ دەشۆنو چێشت لێدەنێن.

قوڕ بەسەر ئەو پیاوەی بوێرێت لە ماڵ دەرچێتو لە شەقاماندا بگەڕێتو لە دەرەوە ببینرێت، بەوە خۆی تووشی گەورەترین سزا





دەکات، بەڵام ژنان لە چایخانەکاندا کۆدەبنەوەو چاو قاوە دەخۆنەوەو گفتۆگۆ دەکەن بۆ دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی ئەو ڕۆژە لە سەر ئاستی جیهانو گوندەکەیان.

هەر کە ڕۆژ ئاوابوو، ژنان دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیانو بە گەڕانەوەیان ژیانیش دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆیو پیاوان لە (حوکمی ژنان) ئازاد دەبنو سەرلەنوێ دەبنەوە بە پیاو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەو ژنانەی بەشداری لەم ئاهەنگەدا دەکەن بەردەوام لە کەمبوونەوەدان، کە بەرپرسەکانیان پرسیاریان لێکردن بۆچی لە کەمبوونەوەدان؟

یەکێك لە ژنەکان بەم جۆرە وەڵامی دایەوە:

پێم باشە بەشداری لە ئاهەنگێکدا نەکەم، کە لە ڕۆژێك زیاتر نییەو هەر کە دوای خۆرئاوابوون دەگەڕێمەوە ماڵەوە، دەبینم هەموو شتەکانی ماڵ تێکوپێك دراونو هیچ شتێك لە شوێنی خۆیدا نەماوە. بۆیە دەبێت حەوت ڕۆژ خەریکی ماڵ ڕێکخستنەوە بم. بۆیە ژنەکان دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاریاندا ماوەی ئاهەنگەکە لە ڕۆژێکەوە بکەن بە یەك کاتژمێر بۆ ئەوەی کەمترین زیانیان لەماڵدا لێبکەوێت.

سەرچاوە: گۆڤاری العربی ، ژمارە/١٧٥ تەمموزی ١٩٧٥





# یەژن خەتای ژنانە

**خەڵەف غەفور**



یەژن بارودۆخی ژنانی کوردستان باش نییە، دەچەوسێنرێنەوە و بەشداری سیاسیان پێناکرێت. یەژن ژنان ڕێگا لە سەربەستییەکانیان دەگیرێت، ناتوانن بێ لەگەڵ بوونی وەلی ئەمرەکانیان سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن. یەژن پەرلەمان ڕێگای بەپیاو داوە لە هەندێك حاڵەتدا ژنێکی تریش بێنێت. ئەمەش یەژن کەوا پیاو هۆکاری سەرەکییە.

بەندە ماوەیەکی زۆر بەدوای هۆکاری راستەقینەی چەوساندنەوەی

ژن، رێگری لە ماف و ئازادییەکانیان، کۆتکردن و گۆشەگیرکردنیان دا گەڕام و بۆم دەرکەوت بەتەنها پیاو هۆکار نییە. ئەمە چۆن و بۆچی؟

زۆرێك لە ژنان حەزیان لە سیاسەت نییە، گوێ لە دەنگوباس و بەرنامەی سیاسی ناگرن، حزبایەتی بە فشە دەزانن و حەزیان لە گۆڕینی مۆدێلی ناو ماڵە. پێیانوایە پیاو دەبێت ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بۆیان بکات و بێگومان ئەمەش کارێکی نەکردەیە.

زۆربەی ژنانی کورد حەزیان لەوەیە فەرمانبەرێکی ئاسایی حکومەت بن نەك ئەندام مەڵبەند یان لقێکی حزبی. پێیان خۆشە لە ئارایشتگایەکی ئافرەتانە کاربکەن نەك رۆژنامەیەکی ئەهلی. ئایا ئەمانەش هەر خەتای پیاوە؟

ئەو پرسیارەی ژنان چۆن دەتوانن ببنە خاوەن ماف، لەراستیدا پرسیارێکی جەوهەرییە. ئایا ژنان بەتەمان پیاو بەهەموو شتێکیان بڵێت ئامین یان بەناچاری ئامینیان بۆ بکەن.

بەرای بەندە کە بەتەواوی لەگەڵ دادپەوەریدام بۆ ژن و پیاو وەك مرۆڤ پێویستە ژنان چاوەڕێی پیاو نەکەن، قۆڵی خۆیانی لێ هەڵبکەن و بێنە مەیدان و مافەکانیان وەربگرنەوە. ناکرێت ژن رقی لە سیاسەت بێت و داوای بەشداری فراوانی سیاسی بکات. ناکرێت ژنان خۆیان مژوڵ بکەن بە شتگەلێکەوە کەوا هیچ ئیزافەیەك نییە بۆ سەر کایەی رۆشنبیرییان و بۆ بەدەستێهانی مافەکانیشیان هیچ





بەدەردی ئەوان ناخوات.

مادام ژن بەشداری سیاسی دەوێت و پێیوایە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی پێویستە سیاسەتی خۆشبووێت، هاوڕێی پیاو بێت نەك خۆی لێ جیابکاتەوە و وەکو دوژمن سەیری بکات.

خۆدوورگری پیاو و ژنان هۆکارێکی تری ئاڵۆزکردنی بابەتەکەیە، ئەمە دیواری رق و لێکتێنەگەیشتن دروستدەکات و دەرەنجام کارەسات بەرهەم بهێنێت.

من یەژم خەتای ژنانە بە مافەکانیان ناگەن، قەینا پیاویش هۆکارە، لێ خۆدوورگری و جدی نەبوونی ژنان و رقبوونەوەیان لە سیاسەت دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە. دەنا ئەوە عەرز و ئەوە گەز و با ژنان بفەرموون پیاو ناچار بکەن و مافەکانیان لێوەربگرنەوە.